کەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5749) سێ شەممە 14ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەولێر و بەغدا لەبارەی چەند خاڵێکی پەیوەست بە کاری بازرگانییەوە ڕێککەوتنێکیان ئیمزا کرد

عادل عەبدولمەهدی ڕەزامەندیی داوە موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێم بدات

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێ، شاندی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر چەند خاڵێک لە بواری بازرگانیدا ڕێککەوتن و ڕێککەوتنەکەش ئیمزا کرا.

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەوزاد ئەدهەم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی عێراق کۆبوونەوە و تێبینی گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵێک خاڵەوە کرا، لەوانە هاوردە و هەناردە و داهاتی خاڵە سنوورییەکان و وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و دانی موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێمی کوردستان. گوتیشی: ڕێککەوتنێک ئیمزا کرا لەسەر چەند خاڵێک، ئەویش حکوومەتی عێراق بڕی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێم بۆ ئەمساڵ لە 340 هەزار تەن زیاتر بکات و وەزیری بازرگانیش باسی لەوە کرد، سەرۆکوەزیران ڕەزامەندیی داوە کە موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێم بدات و لە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی بەغدا سێرقەرێک دەبێت و مۆڵەت دەدرێتە ئەو کۆمپانیایانەی کاری هاوردە و هەناردە دەکەن، کە ژمارەیان 3000 کۆمپانیایە و پێشتر ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە بەغدا کار بکەن و ئێستا ئەوەش چارەسەر بوو.

(زیاتر لە ل 3 بخوێنەوە)



2

مەنسور مەرعید بە پارێزگاری نوێی نەینەوا هەڵبژێردرا



3

داوا دەکرێت عوسمان بایدەمیر شەش ساڵ زیندانی بکرێت

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

بارودۆخی ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستووری عێراق تەوەرێکی دانیشتنەکە بوو



دوێنێ دووشەمە 2019/5/13 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە خاتوو جینین هێنس پلاسخارد نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دوا گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەردەها ڕۆشنایی خرایە سەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوەکان بۆ خێراترکردنی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم بە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ هەموو لایەک لە قەڵەم دا.

بارودۆخی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و چەند بابەتێکی تر لە دانیشتنەکەدا باسکران.

(زیاتر لە ل 2 بخوێنەوە)

دەیڤد پێترێیەس: جەنگی ئێران لە دژی ئەمەریکا خۆکوژییە بۆ تاران

دەیڤد پێترێیەس، فەرماندەی پێشووی سوپای ئەمەریکا و بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە (CIA) لەبارەی ئەگەری جەنگی ئەمەریکا و ئێران بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو و ڕای گەیاندووە ئەگەر ئێران جەنگ هەڵبگرسێنێت خۆکوژییە بۆ ئەو وڵاتە. پێترێیەس یەکێک بووە لە فەرماندە چالاکەکانی سوپای ئەمەریکا لە ساڵی2003 کاتێک ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق و ڕژێمی سەدام حوسێنی لەناوبرد.

لە وتوێژێکدا لەگەڵ کەناڵی (سی ئێن ئێن) پێترێیەس پرسیاری ئەوەی لێکرا، بۆچوونی چییە لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ئایا جەنگ ڕوودەدات؟ لە وەڵامدا ئەو فەرماندە خانەنشینکراوە.



هادی عامری: عێراق دەکەینە قۆتابخانەی دووەم بۆ ئەمەریکییەکان

هادی عامری، ئەمیندارەی گشتی ڕێکخراوی بەدر و فەرماندەی باڵای حەشدی شەعبی لە چاوپێکەوتنێکدا، لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی هۆشداری دەداتە ئەمەریکا و هەڕەشە دەکات، کە لە ئەگەری بەکارهێنانی عێراق لە ململانێکاندا، ئەوا عێراق دەکەنە قۆتابخانەی دووەم بۆ ئەمەریکییەکان و تووشی شکستیان دەکەن. هادی عامری جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ڕێگا بە ئەمەریکا نادەن لە عێراقەوە شەڕ دژی وڵاتانی دراوسێی عێراق بکات و ئەو وڵاتە بکاتە ناوچەیەکی چاودێریکردن بەسەر وڵاتانی ناوچەکە و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی.

لە لایەکی تریشەوە ڕۆژی یەکشەمە 2019/5/12 بەرپرسانی عێراقی لە بەغدا ڕایانگەیاند: پرۆسەی کشانەوەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا نزیک لە سنوورەکانی سووریا، لە شەوی ڕابردووەوە بە کردەیی دەستپێکردووە و سوپا و پۆلیسی عێراق شوێنیان دەگرنەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەفسەرێکی پلەبااڵی عێراقی کە قسەی بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی "العربی الجدید" کردووە دەڵێت "لە شوێنی چەکدارانی حەشدی شەعبی، یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە ناوچەکە بڵاوەدەبنەوە و دەبنە بەرپرسی یەکەمی دۆسێی ئەمنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای نەینەوا کە لە حەزەرەوە دەستپێدەکات و تا سنوورەکانی سووریا دەرێژەدەبێتەوە".



2

تەرمی شەهید عەمید ئەسکەندەر لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە گەڕێندرایەوە کوردستان

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، هۆشداریدا بە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کە گەشت بۆ عێراق نەکەن

بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکان لە ناوچەکەدا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، هۆشداریدا بە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کە گەشت بۆ عێراق نەکەن.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بە هەڕەشەکانی کردووە لەوەی ڕوو لە عێراق نەکەن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە هاووڵاتییانی ئەمەریکا لە عێراق کراوە کەوا ڕوو لەو ناوچانە نەکەن کە ڕووبەڕووی گرژی و ئاڵۆزی بوونەتەوە، هەروەها لەگەڵ دەوروبەریشیاندا لە پەیوەندی بەردەوامدا بن.

ئاماژە بەوە دەکرێت کە تا دێت گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەکە ڕووی لە زیادبوونداید بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەمەریکا سیستەمی موشەکی بەرگری ئاسمانیی جۆری پاتریۆت و کەشتی فڕۆکە هەڵگری ڕەوانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.



4

حکوومەتی ئەڵمانیا باج لەو کەسانە وەردەگرێت کە هاموشۆی مزگەوتەکان دەکەن



4

ئەمەریکا 50 هەزار سەربازی لە عێراق جێگیر کردووە




باشترین جۆری گۆشتی سوور بۆ خواردن لە ڕەمەزاندا

14

مەسرور بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: ئیرادەیەکی هاوبەش لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکان هەیە



دوێنێ دووشەممە 2019/5/13 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو جێنین هێنس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا، وێڕای تاوتوێکردنی پێشهات و ئەگەرە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە، پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم، بەتایبەتی ڕەوشی کەرکووک و شنگال تاوتوێکرا و جەخت لەوە کرایەوە، کابینەی داهاتوو ئەو هەنگاوانە دەنێت، کە خواست و ویستی خەڵکی هەرێمی کوردستانن. هەر لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی ئاماژەی بە پێشڤەچوونی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا کرد و ڕایگەیاند، گفتوگۆکان لەنێوان هەردوولا بەردەوامن و ئیرادەیەکی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکان هەیە.

لەبەرامبەردا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق خۆشحاڵی خۆی بە پێشڤەچوونەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و دووپاتی کردەوە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەخوازێت ڕۆڵی هەبێت لە لێک نزیککردنەوەی نوێنەرانی پێکهاتە و تایفەکان بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان و لەو ئەرکەشی بەردەوام دەبێت.

ڕەوشی سیاسی عێراق و بەردەوام بوون لە دۆزی جموجۆڵەکانی تیرۆریستان تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

بروسکەی سەرەخۆشی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی شەهیدبوونی عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی



بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە شەهیدبوونی عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی فەرماندەی لیوای سێیی کۆماندۆی زێرەڤانی، لە ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەکان زۆر دڵتەنگ و خەمبار بووم. عەمید ئەسکەندەر پێشمەرگەیەکی قارەمان و چاونەترس بوو. من خۆم شاهیدی قارەمانەتیی شەهید ئەسکەندەر بووم لە کاتی زۆر تەنگانەدا و لەدەستدانی جێگەی داخە و خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموومان.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی شەهید عەمید ئەسکەندەر دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لەخودای گەورە داوکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2019/5/13

مەنسور مەرعید بە پارێزگاری نوێی نەینەوا هەڵبژێردرا



ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە 27 و 26 دەنگ مەنسور مەرعیدی وەک پارێزگاری نوێ و سیروان ڕۆژبەیانی وەک جێگری یەکەمی پارێزگار هەڵبژارد. دوای لادانی نەوفل عاگوب پارێزگاری پێشووی نەینەوا، ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بە دەنگدانی ناو ئەنجوومەن و بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی ئەمنیی تووند، ئەو پۆستە یەکلا کرایەوە. لای خۆیەوە، موقتەدا سەدر لە دوا پەیامیدا داوای لە سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کردبوو، دەستێوەردان بکەن و ئەنجوومەنەکە هەڵبوەشێنەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی لادانی پارێزگای پێشوو، نقوومبوونی بەلەمێکی گەشتیاریی بوو کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان کەس. لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق لە ساڵی 2014 پارێزگای نەینەوا زۆرترین زیانی پێگەشت و هێشتاش زۆرێک لە کوچە و کۆڵانەکانی شاری موسڵ و شارەکانی دیکەی ئەو پارێزگایە بە وێرانی ماونەتەوە.

دەیفد پێترێیەس: جەنگی ئێران لە دژی ئەمەریکا خۆکوژییە بۆ تاران



دەیفد پێترێیەس، فەرماندەی پێشووی سوپای ئەمەریکا و بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە (CIA) لەبارەی ئەگەری جەنگی ئەمەریکا و ئێران بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو و ڕای گەیاندووە ئەگەر ئێران جەنگ هەڵبگرسێنێت خۆکوژییە بۆ ئەو وڵاتە. پێترێیەس یەکێک بووە لە فەرماندە چالاکەکانی سوپای ئەمەریکا لە ساڵی 2003 کاتێک ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق و ڕژێمی سەدام حوسێنی لەناوبرد.

لە وتوێژێکدا لەگەڵ کەنالی (سی ئێن ئێن) پێترێیەس پرسیاری ئەوەی لێکرا، بۆچوونی چییە لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ئایا جەنگ ڕوودەدات؟ لە وەڵامدا ئەو فەرماندە خانەنشینکراوە گوتی: من نیگەران نیم لەو جەنگە، بەڵام ئەگەر ئێران بیەوێت جەنگ هەڵبگیرسێنێت، ئەوە خۆکوژییە بۆ ئێران، خۆشیان باش ئەمە دەزانن. دەشڵێت: ئێمە سوپایەکی زەبەلاحمان هەیە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانین سەربازێکی زۆر زیاتر لە ناوچەکە بڵاوبکەینەوە. پێترێیەس نایشارێتەوە کە ئەوەی ئەو نیگەران دەکات ئەو میلیشیا و گرووپە چەکدارانەیە کە ئێران پرچەکی کردوون، چونکە ئەگەر ئەو هێزانە دەست بە جەنگ بکەن، دۆخەکە لەدەست دەردەچێت.

تەرمی شەهید عەمید ئەسکەندەر لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە گەڕێندرایەوە کوردستان

لە ڕێوڕەسمێکدا پێشوازی لە تەرمی فەرماندەی شەهید عەمید ئەسکەندەر گەردی کرا



بە گوێرەی ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە دوێنێ دووشەممە 2019/5/13 بە ئامادەبوونی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەچاو لە بەرپرسانی پێشمەرگە و کەسوکار و فەرماندە و هاوسەنگەرانی شەهید، تەرمی عەمید ئەسکەندەر گەردی، فەرماندەی لیوای 3ی کۆماندۆی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر گەڕێندرایەوە کوردستان کە بۆ چارەسەری بریندارییەکەی ڕەوانەی وڵاتی ئوردن کرابوو.

هەر بەم بۆنەیەوە سەرۆک بارزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی بروسکەیدا ڕایگەیاند: بە شەهیدبوونی عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی فەرماندەی لیوای سێیی کۆماندۆی زێرەڤانی زۆر دڵتەنگ و خەمبار بووم، عەمید ئەسکەندەر بووم لەکاتی زۆر تەنگانەدا و لەدەستدانی جێگەی داخە و خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموومان. لە مەراسیمێکی شایستەدا پێشوازی لە تەرمی شەهید عەمید ئەسکەندەر کرا و بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ئەو فەرماندەیە لە لایەن بەرپرسان و فەرماندە و کەسایەتی و کەسوکاری شەهید تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفاداری لەسەر تەرمی شەهید داندرا، پاشان لە گوندی گرد عارەقی دەوروبەری هەولێر تەرمەکەی بە خاک سپێردرا.

ڕۆژی 2019/5/9 عەمید ئەسکەندەر گەردی لەکاتی مەشق و ڕاهێنان لە فێرگەیەکی تایبەتی هێزی پێشمەرگە بریندار ببوو، دوای وەرگرتنی چارەسەرە سەرەتاییەکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بۆ چارەسەر ڕەوانەی وڵاتی ئوردن کرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2019/5/12 گیانیلەدەستدا و دوێنێ لە ڕێوڕەسمێکی شایستە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر پێشوازی لە تەرمەکەی کرا.

پۆلیسی ئێران هەڵیکوتایە سەر بارەگای گۆڤارێکی نزیک لە ریفۆرمخوازەکان

پۆلیسی ئێران لە تاران هەڵیکوتایە سەر بارەگای گۆڤاری "ئێران فەردا" کە بەنزیک لە ڕەوتی ریفۆرمخوازەکان ناسراوە. ئەندامی ئەنجوومەنی نیشمانی بەرگریی ئێران، تاقی ڕەحمانی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ڕایگەیاندووە کە پۆلیس دەستی گرتووە بەسەر کۆمپیوتەر و هارد و چەند بەڵگەنامەیەک.

ڕەحمانی ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە کاتی هەڵکوتانە سەر بارەگای گۆڤارەکە، بەڕێوبەری نووسینی گۆڤارەکە، کایڤان سەمیمی یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە کە پێشتر لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرابوو. لە لایەکی دیکەوە بەیانی ڕۆژی یەکشەمە، پۆلیس ڕۆژنامەنووسی ریفۆرمخواز، عەلی مەلیح یان دەستگیر کرد دوای ئەوەی ناوبراو لە تویتێکدا ڕەخنەی لە سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتەکەی گرتبوو. مەلیح ڕایگەیاندبوو، 40 ساڵە چارەنووسی 80 ملیۆن هاووڵاتیی ئێرانی پەیوەست کراوە بە هۆکاری ئایدۆلۆژی بەدەست ئەو بەرپرسانەمانەوە کە دژایەتی ئەمەریکا دەکەن.

بەریتانیا لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئەمەریکا نیگەرانە

جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەبارەی مەترسییەکانی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئەمەریکا هۆشداریی دا. بەپێی هەواڵی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، جێرمی هانت، لە بڕۆکسێل لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی: ئێمە لە هەمبەر ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی لەناکاو و نەخوازراو لە نێوان ئێران و ئەمەریکا نیگەرانین. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕاشیگەیاندووە: دەبێ بەجیدی هەوڵ بدەین دیسانەوە ئێران دەست بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی نەکاتەوە، چونکە ئەگەر ئێران بڕیتە هێزێکی ئەتۆمی، دراوسێیەکانیش هەوڵی دەسەلاتی ئەتۆمی دەدەن. لەبارەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە گوتی: ئێستا ناسەقامگیرترین ناوچەکانی جیهانە و ئەمەش هەنگاوێکە لە ڕاستای هەڵەیەکی گەورەدا. هەروەها ڕاشیگەیاند کە نیگەرانن لەوەی ئەمەریکا و ئێران بەهۆی سزاکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دووچاری پێکدادان بەن. گوتیشی: هەرچەندە هەردوو لایەنیش نایخوازن، بەڵام زۆر نیگەرانین لە مەترسی دروستبوونی هەر جۆرە پێکدادانێک بەهۆی هەڵکشانی گرژی. چوارشەمەی هەفتەی پێشوو حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێران ئاشکرای کرد، ئێران سەردەڕای پابەندبوونی بە ڕێککەوتنی ناوکی، هەندێ لە چالاکییەکانی دەستپێدەکاتەوە و هاوکات مۆڵەتێکی 60 ڕۆژەی بە وڵاتانی پێنج کۆ یەک دا کە دووبارە بگەڕێنەوە سەرمێزی دانوستان و ئەم داوایەش لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە ڕەتکرایەوە. ئەم پرسانە لەکاتێکدان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرژی و ئاڵۆزیی نێوان ئەمەریکا و ئێران تووندتر دەبێت و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکتر دەکەن و ئەمەش بووەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زیاتر، بە جۆرێک کە زۆربەی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە ناوخۆ و لە ئاوەکانی کەنداو لە ئامادەباشیدان و لە بەرانبەردا ئەمەریکاش وێڕای هێنانی کەشتیی فڕۆکە هەڵگری ئابراهام لینکۆڵن بۆ ناوچەکە، لە بنکەکانی لە سعودیە، ئیمارات و قەتەر چەکۆچۆڵی زۆری تەیارکردووە.

نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبنەوە

جەخت لە ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هەماهەنگیی هەولێر و بەغدا کرایەوە



لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خاتوو جێنین هێنس پلاسخارد نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بەڕێزیان پوختەیەکی دەربارەی هەنگاوەکانی ڕێککەوتنی لایەنە کوردستانییەکان بۆ بەڕێوەچوو و شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم ئامادەی بوون، خاتوو پلاسخارد خۆشحاڵیی خۆی بە ڕێککەوتنی لایەنە کوردستانییەکان بۆ پێکهێنانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و باشبوونی پەیوەندییەکانە هەولێر - بەغدا نیشان دا، هەروەها باس لە ناوچە کێشەلەسەرکان کرا و هەردوولا جەختیان لە ئاساییکردنەوەی دۆخی ئاسایش و گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکە بە هەماهەنگیی هەولێر و بەغدا کردەوە.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند بابەتێکی پەیوەست بە ڕەوشی سووریا و ئێرانەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

بەبیانووی گوتارێکی دوو ساڵ لەمەوبەریەوە

داوا دەکرێت عوسمان بایدەمیر شەش ساڵ زیندانی بکرێت



داوا دەکرێت کە ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا لە فراکسیۆنی هەدەپە، عوسمان بایدەمیر بە هۆی گوتارێکی کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا لە وان "ئێشککگری وێژدان و دادپەروەری" پێشکەشی کردبوو، تا شەش ساڵ زیندانی بکرێت. سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری لە وان، ئەو لێکۆڵینەوەیەی تەواو کرد کە لە بارەی گوتارێکی بایدەمیر لەو سەردەمەدا لە کۆبوونەوەیەکی فراکسیۆنی هەدەپەدا لە وان پێشکەشی کردبوو.

لەو سکاڵانامەیەدا کە لە لایەن پێنجەمین دادگای وانەوە پەسەند کراوە، داوا کراوە بایدەمیر بە هۆی ناوەرۆکی گوتارەکەیەوە و بەبیانووی "بەئاشکرا سووکایەتی بە گەلی تورک، کۆمار و پەرلەمانی تورکیا" تا شەش ساڵ زیندانی بکرێت. هەروەها لە سکاڵانامەکەدا باس لەوە کراوە بایدەمیر کە لە 19ی نیسانی 2018دا لە پەرلەمانتاری لابراوە لە شەشی نیسانی 2018دا چووەتە دەرەوەی وڵات و نەگەڕاوەتەوە.

هەولێر و بەغدا لەبارەی چەند خاڵێکی پەیوەست بە کاری بازرگانییەوە ڕێککەوتنێکیان ئیمزا کرد

عادل عەبدولمەهدی ڕەزامەندیی داوە موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێم بدات

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێ، شاندی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر چەند خاڵێک لە بواری بازرگانیدا ڕێککەوتن و ڕێککەوتنەکەش ئیمزا کرا. بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەوزاد ئەدهەم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی عێراق کۆبوونەوە و تێیدا گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵێک خاڵەوە کرا، لەوانە هاوردە و هەناردە و داهاتی خاڵە سنوورییەکان و وەرگرتنی گەمڕی جووتیاران و دانی موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێمی کوردستان. گوتیشی: ڕێککەوتنێک ئیمزا کرا لەسەر چەند خاڵێک، ئەویش حکوومەتی عێراق بڕی وەرگرتنی گەمڕی جووتیارانی هەرێم بۆ ئەمساڵ لە340 هەزار تەن زیاتر بکات و وەزیری بازرگانیش باسی لەوە کرد، سەرۆکوەزیران ڕەزامەندیی داوە کە موستەحەقاتی جووتیارانی هەرێم بدات و لە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی بەغدا سێرڤەرێک دەبێت و مۆڵەت دەدرێتە ئەو کۆمپانیایانەی کاری هاوردە و هەنارەدە دەکەن، کە ژمارەیان 3000 کۆمپانیایە و پێشتر ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە بەغدا کار بکەن و ئێستا ئەوەش چارەسەر بوو.

ئەدهەم باسی لەوەش کرد: جگە لەوەش، لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، هەموو داهاتی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هیچ لارییەکی نییە. ئەدهەم گوتیشی: ڕێککەوتنەکە ئیمزا کراوە و کۆتاییی پێ هاتووە و تەنیا هەندێک خاڵ ماوە، ئەویش پێویستی بە دەرکردنی یاسا لە پەرلەمان هەیە.

ئێران.. خۆپیشاندانی خوێندکاران دژبە یاسای سەرپۆشی زۆرەملێ



خوێندکارانی زانکۆی تاران بە مەبەستی پرۆتەستۆکردنی یاسای سەرپۆشی زۆرەملێ، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. بە سەدان خوێندکاری ریفۆرمخواز، دژبە سیستەمی سەرپۆشی زۆرەملێ لەنێو زانکۆی تارانی پایتەختدا، گردبوونەوە. لە گردبوونەوەکەدا دروشمی، "بژاردەکان مافی خۆمانە، خوێندکار دەمرێت، بەڵام ژێردەستەیی قبوڵ ناکات"یان بەرزکردبوویەوە. لە میانی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکەدا هێزە ئەمنییەکان لەنێو کەمپی زانکۆدا ڕێوشوێنی پێویستیان گرتبوویە بەر و ناوبەناو لەگەڵ خوێندکارە موحافیزکارەکانی سەربە هێزی چەکداری بەسیجی ڕژێم پێکهەڵپژان ڕووی دەدا، خوێندکارە موحافیزکارەکانیش دروشمی 'بێ یاسایی مەکە، زانکۆ بەجێبهێڵە"یان دەگوتەوە.

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش (ویلایەتی هیند)ی ڕاگەیاند



دوای چەند مانگێک لە وەدەرنانی لە پێگە سەرەکییەکانی لە عێراق و سووریا، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش "ویلایەتی هیند"ی لە هەرێمی کشمیری کێشە لەسەر لەنێوان هیدستان و پاکستان ڕایگەیاند. بەگوێرەی میدیاکان، ئەم ڕاگەیاندنە پاش چەند ڕۆژێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی تووندڕەوی سەر بە "داعش" لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئەو هەرێمە دێت کە تێیدا لە گوندی ئەمشێڕای ویلایەتی جامۆ و کشمیر لە باکووری هیندستان، ژمارەیەک سەربازی هیندستان کوژران. بەگوێرەی ڕۆژنامەی "تایمز"ی بریتانی، ئەمە یەکەمجارە ئەو ڕێکخراوە بوونی شوێنپێیەکی خۆی لەو هەرێمە ڕابگەیەنێت.

لای خۆشیانەوە، سەرچاوەکانی سەر بە پۆلیسی سەربازیی هیندستان لە لێدوانێکیان بۆ ئاژانسی "ڕۆیتەرز"، ڕەتیانکردەوە، هیچ قوربانییەک لە ڕیزەکانیان هەبێت لەئاکامی ئەو هێرشەی چەکدارانی داعش بۆ سەر ئەو گوندە. بەڵام ئەم هێرشە مەترسیی ئەوەی لای دەزگاکانی هەواڵگری دروست کردووە کە داعش هەوڵ دەدات خاکی دەستکەوێت لە باشووری ئاسیا و هەرێمی کشمیریش ئامانجێکی ڕوون و بەرچاوی ئەو ڕێکخراوەیە، هەرچەندە بەرپرسانی ئەمنی هیندستان دەڵێن، ڕاگەیاندنی "ویلایەتی هیند" لەلایەن داعشەوە، تەنها بۆ پڕوپاگەندەیە و ئەو ڕێکخراوە هیچ پەیوەندییەکی بە ویلایەتی کشمیرەوە نییە.

سەرچاوە/ Kurdistan CT

حەشدی شەعبی 2 بەرپرسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان شەهید دەکات

دوێنێ دووشەمە 2019/5/13 لەڕاگەیاندراوێکدا مەڵبەندی خانەقینی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو هێزێکی حەشدی هێرش دەکەنە سەر گوندی ئەحمەد تاهیر سورە مەری، دەست دەکەن بەتەقەکردن بۆ سەر دانیشتوانی ناوچەکە، دواتر ئەو هێزە هێرش دەکەنە سەر ماڵی ڕەشید ئیبراهیم تاهیر ئەندام مەڵبەندی حزبان. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ئامازە بەوەش دەکات کە لە هێرشەکەی چەکدارانی حەشدی شەعبیدا کادیرێکی پێشەنگمان دلێر نەجمەدین لەلایەن هێزەکەوە بەردراوە و دواتریش سەیارەکەشی دەستێندرێت. مەڵبەندی خانەقینی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ڕاشیدەگەینێت "لە ساتەوەختی هاتنی چەکدارانی حەشد و هێرشەکەی بۆ سەر ناوچەکە کادیرو ئەندامانی سنووری مەڵبەندی حزبی سۆسیالیست بەرگریەکی باشیان کرد و تاوەکو ئێستاش دلێر نەجمەدین ئیبراهیم مستەفا بێ سەروشوێنە. لەکۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا ڕایدەگەیەنن، بەپێی زانیارییەکانمان کەبەدەستمان گەیشتووە، 2 کادیرەکەمان لەلایەن حەشدی شەعبیەوە لە سنووری خانەقین شەهید کراون. هەر لەو بارەیەوە جەلیل سەعید، بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: دوو کادیری مەڵبەندی خانەقینی حزبی سۆسیالیست شەوی ڕابردوو 2019/5/12 لە گوندی ئەحمەد تاهر سوورەمیری شەهید بوون. گوتیشی: هەردوو شەهیدەکەی حزبی سۆسیالیست باوک و کوڕن بە ناوەکانی "نەجم ئیبراهیم مستەفا" و "دلێر نەجم ئیبراهیم"، بەڵام تا ئێستا نازانرێت ئاخۆ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە تەقەیان لە دلێر نەجم کردووە، یاخود داعش بووە، بەڵام لەوکاتەدا دلێر شەهید بووە، باوکیشی بە هانایەوە دەچێت، دواتر باوکیشی شەهید کرا. ڕوونیشی کردەوە: حەشدی شەعبی بەرپرسیاریەتیی ئەمنی ئەو ناوچانەیان لە دەستە و ڕێگریان کردووە لەوەی کە بە هانایانەوە بچن، لەبەر ئەوەی ڕووداوی نەخوازراوی دیکە ڕوونەدات، بەهۆی دانانی عەبوە و نیشانەشکێنەکانی داعش. بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوەش داوە، ئێستا تەرمی هەردوو شەهیدەکەی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی تۆێکاریی پزیشکی، لە بەعقووبەیە، "دواتر دەگەڕینرێنەوە و بە خاکیان دەسپێرین".

ئەمەریکا 50 هەزار سەربازی لە عێراق جێگیر کردووە

مزاحم حوێت: خاکی عێراق یەکەم وێستگەی هێرشی زەمینی ئەمەریکا بۆسەر ئێران دەبێت



گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، مزاحم رایگەیاند، ئێران چەکی زۆری گەیاندووەتە حەشدی شەعبی لە عێراق بۆ بە ئامانجگرتنی هێزەکانی ئەمەریکا لەو ولاتە. مزاحم ئەحمەد حوێت لە لێدوانێکدا رایگەیاندووە: ئەمەریکا لەئێستادا زیاتر لە 50 هەزار سەربازی لە سەربازگەکانی عێراق جێگیرکردووە و زانیاری پشتڕاستکراویشمان هەیە کە لە چەند رۆژی داهاتوودا نزیکەی 100 هەزار سەرباز و راوێژکاری دیکە ڕەوانەی عێراق دەکات، ئامانج لە کۆکردنەوە و جێگیرکردنی سەربازەکان هێرشکردنە بۆسەر ئێران.

مزاحم گوتیشی: ئەو هێزەی ئەمەریکا بە چەک و تفاقێکی زۆرەوە لە عێراق جێگیرکراوە، هەرچەند عێراق وەها خۆی نیشان دەدات کە بێلایەن بێت لە نێوان ململانێ و شەڕی نێوان تاران و واشنتۆن، بەڵام عێراق بەشێکی گەورەی هاوکێشە سەربازی و سیاسییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران دەبێت. گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان هەروەها باس لە هەنگاوەکانی ئێران لە عێراق دژبە ئەمەریکا دەکات و دەڵێت: ئێرانیش ئامادەکاری تەواوی کردووە بۆ بە ئامانجگرتنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە مووشەکی بالیستیکی ئێران رادەستی حەشدی شەعبی لە عێراق کراوە تاوەکو بنکە و بارەگای هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق پێ بکرێتە ئامانج.

حوێت دەشڵێت: گەیاندن و دابەشکردنی مووشەکی بالیستیکی و جۆرەها چەک لە ئێرانەوە بۆ عێراق لەژێر چاودێری قاسم سولەیمانی بووە کە ئێستا لە عێراقە و سەرقاڵی یەکخستنەوەی نێو مالّی شیعە و حەشدی شەعبییە دژبە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بۆ ئەم مەبەستەیش لە کۆبوونەوەی بەردەوامدایە.

حوێت ئاماژەی بەوەدا کە ئێران دەیەوێت چەند بنکە و بارەگا و کاروانێکی ئەمەریکا لە عێراق بکاتە ئامانج، بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشارە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران. کە ڕەنگە ئەمە دەرگای جەنگێکی گەورە و خوێناوی بکاتەوە لە نێوان ئەو دوو ولاتەدا، ئەمەیش کاریگەری نەرێنی لەسەر عێراق دەبێت و ناوچە سونە نشینەکانیش زیانمەند دەبن.

هێرشکردنە سەر دوو کەشتی نەوتهەڵگری سعوودیە لە ئاوی هەرێمیی ئیمارات



لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات، دوو کەشتی نەوت هەڵگری سعوودیە ڕووبەڕوی هێرشێکی تێکدەرانە بوونەوە. وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ڕایگەیاند کە ڕۆژی یەکشەممە دوو کەشتی نەوتهەڵگری ولاتەکەی لە میانی پەڕینەوەیان لە کەنداوی عەرەبی لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات، ڕووبەڕوی هێرشێکی تێکدەرانە بوونەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا، خالید فالح ئاماژەی بەوەداوە کە هێرشەکە، هیچ زیانێکی گیانی نەبووە و تیمی هەردوو کەشتییەکە سەلامەتن. وەزیری وزەی سعوودیە ڕاشیگەیاندووە، ئەگەر ڕێگری نەکرێت لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشانە، ئەوا ئاسایشی دەریایی و گواستنەوەی نەوت لە ناوچەکەوە بۆ جیهان دەکەونە بەر مەترسی و هەڕەشەوە. جێی باسە ڕۆژی یەکشەممە وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات ڕایگەیاندبوو کە چوار کەشتی بازرگانی لە نزیک ئاوی هەرێمیی بە ئاراستەی بەندەری فجێرە ڕۆژهەڵاتی ئیمارات ڕووبەڕووی هێرشێکی تێکدەرانە بوونەتەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات ئاماژەی بەوەشدابوو کە لایەنەکانی خۆجێیی و نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەیان لە بارەی هێرشەکەوە دەستپێکردووە و دواتر ئەنجامەکەشی ئاشکرا دەکرێت. هەر لەسەر ڕووداوەکە وەزارەتی دەرەوەی ئێران داوای کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ بکرێت لەبارەی ئەو هێرشە تێکدەرانەی کە لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات کرانە سەر چوار کەشتی. ئاژانسی هەواڵیی "ئێرنا" بڵاویکردەوە، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، سەید عەباس موسەوی لە ڕایگەیەندراوێکدا گوتوویەتی: ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشانە مایەی نیگەرانیین و داوا دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ لەبارەی ئەو هێرشانەوە بکرێت. سەعید عەباس موسەوی هۆشداری داوە کە بەو جۆرە هێرشانە هەوڵ دەدرێت ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە تێک بدرێت و داوای لە ولاتانی ناوچەکە کردووە کە لە ئامادە باشیدابن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەوڵێک ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە بخرێتەگەڕ.

پەرلەمانتارێکی عێراق:

پاندبوون بە سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران لە دەسەڵاتی عەبدولمەهدی دا نییە



ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، پابەندبوون یاخود پابەند نەبوون بە سزاکانی ئەمەریکا دژ بە ئێران لە دەسەڵاتی سەرۆکوەزیران نییە. نەدا شاکر، ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیران ناتوانێت بەپێ ڕەزامەندی لایەنە سیاسییەکان پابەندی سزاکانی ئەمەریکا دژ بە ئێران جێبەجێ بکات گوتیشی، پابەندبوونی عێراق بە سزاکانی ئەمەریکا دژ بە ئێران کاریگەری نەرێنی گەورەی لەسەر ئابووری ئەو ولاتە دەبێت. ئاماژەی بەوەشدا، لەماوەیەکی نزیکدا عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکومەتی عێراق هەڵوێستی لەبارەی پابەندبوون یاخود پابەند نەبوون بە سزاکان ڕادەگەیێنێت.

لەبەر هەڕەشەکانی کۆریای باکوور، کۆریای باشوور سیستەمی بەرگریی مووشەکیی بەهێزتر دەکات



وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور ڕایگەیاند کە لەبەر هەڕەشەکانی کۆریای باکوور، دەستیانکردووە بە هێزترکردنی سیستمی بەرگریی مووشەکیی. ئاژانسی هەواڵیی "یۆنهاپ" بڵاویکردەوە، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور، چوی هیون سۆ ڕایگەیاند، بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەی مووشەکە کورت مەوداکانی کۆریای باکوور، سوپای ولاتەکەی دەستیکردووە بە هێزترکردنی سیستمی بەرگریی مووشەکیی. چوی هیون سۆ ئاماژەی بەوەشداوە کە لەئێستادا کۆریای باشوور و ئەمەریکا بەوردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مووشەکانە دەکەن کە بەم دوایانە لە لایەن کۆریای باکوور تاقیکرانەوە. سەرۆکایەتی ئەرکانی کۆریای باشوور لە سەرەتای ئەم مانگەدا ڕایگەیاندبوو کە کۆریای باکوور ژمارەیەک مووشەکی کورت مەودای لە نیمچە دوورگەی هۆدوو تاقیکردووەتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی چین: هەرگیز ڕادەستی فشاری دەرەکی نابین

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، گینگ شوئانگ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا لەبارەی زیادکردنی پێناسی گومرگییەوە گوتی: زۆر جار گوتمان کە هیچ کاتێک زیادکردنی پێناسی گومرگ کێشە چارەسەر ناکات. چین هەرگیز خۆی ڕادەستی فشاری دەرەکی ناکات. گینگ ئاماژەی بەوەدا کە ولاتەکەی لەپێناو بەرژەوەندییە یاساییەکانی خۆیدا سوورەدبێت و، تواناشی هەیە و هیواشی خواست کە ئەمریکا لەگەڵ چین ڕێگا چارەیەکی مامناوەند بدۆزنەوە و، لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزی بەرامبەر، نیگەرانییەکانیان چارەسەر بکەن.

لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمیشدا بەکاردەهێنرێت

فینلەندا دەستی بەسەر کۆمەڵێک ئامێردا گرت کە بۆ عێراق ڕەوانە دەکرا

ئەو ئامێرانە کە لەلایەن کۆمپانیای "فین"ـەوە ڕەوانەکرابوون، دەتوانرێت لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمیشدا بەکاربهێنرێت. گومرگی فینلەندا ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەپێی یاسای ئەو ولاتە کارەکە دەچێتە چوارچێوەی ئەنجامدانی تاوانەوە و هەر بۆیە سکاڵایان لەسەر ئەو کۆمپانیایە تۆمارکردووە.لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو ئامێرانەی لەلایەن کۆمپانیاکەوە ڕەوانەی عێراق کراوە، هاوشانی ئامانجی سەربازی بەمەبەستی مەدەنیش دەتوانرێت بەکاربهێنرێت. پشکنەری باڵای گومرگ سار کنایی ئاماژەی بەوەداوە کە لەسەر بنەمای شیکاری شەبەنگپێتو (سپێکترۆمیتەر)ی بەکۆمەڵ لە سایەی ئەو ئامێرانەوە دەتوانرێت مادەی دروست بکرێت کە لە چەکی ئەتۆمیدا بەکاردێت و دەڵێت، "بەڵام دەبێت لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە ئایا نیازی خراپ هەبووە یان نا."

حکوومەتی ئەڵمانیا باج لەو کەسانە وەردەگرێت کە هاموشۆی مزگەوتەکان دەکەن

زۆربەی ئەوروپییەکان و خەڵکی ئەڵمانیا بە بڕیارێکی دروست و عادیلانەی دەزانن

موسڵمانانی ئەڵمانیا و بەشێک لە ولاتانی ئیسلامی پڕۆژەیاساکە بە دژایەتی ئیسلام دەزانن



خەبات- مەریوان نەقشبەندی: وەک ئەندامانی کەنیسەی مەسیحی و پەرستگەی جووەکان و ئاینەکانی تر حکوومەتی ئەڵمانیا بە نیازە باج لە ئەندامانی ئیدارەی مزگەوتەکان و هەموو ئەو کەسانە وەربگرێت کە هامۆشۆی مزگەوتەکانی ولاتەکەی دەکەن بە مەبەستی ڕێگرتن لە پشتیوانی ماددی دەرەکی و گومانلێکراو بۆ مزگەوتەکان و پشتبەستنی خودی موسڵمانانی ئەڵمانیا بە دابینکردنی خەرجی مزگەوتەکان.

ئەم بڕیارەی حکوومەتی ئەڵمانیا کە هێشتا نەچووەتە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە و لە پەرلەمانی ئەو ولاتە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوە و زۆربەی ئەورووپییەکان و خەڵکی ئەڵمانیا بە بڕیارێکی دروست و عادیلانەی دەزانن و دەڵێن لە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەییە، بەڵام موسڵمانانی ئەڵمانیا و بەشێک لە ولاتانی ئیسلامی ئەم بڕیارە یان ئەم پڕۆژەیاسایە بە دژایەتی ئیسلام و بەرتەسککردنەوەی ئازادی ئایینی دەزانن و یەکەم ولاتیش تورکیا دژایەتی بۆ دەربڕی بەوپێیەی زۆربەی موسڵمانەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا کە ژمارەیان لە5 ملیۆن کەس نزیکە، بەرەچەڵەک تورکن و ئێستا تورکە موسڵمانە ئەڵمانییەکان (یەکێتی ئیسلامی تورکی) سەرپەرشتی نزیکەی900 مزگەوت دەکەن لە هەر16 هەرێمەکەی ئەڵمانیا. چاودێرانی سیاسی ئەم هەنگاوەی ئەڵمانیا بە هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی هەستی دەمارگیریی لەناو موسڵمانە ئەڵمانییەکان و ڕێگرتن لەو دەوڵەتانەی بەناوی دروستکردنی مزگەوتەوە فیکری تووندڕەوی لە ولاتە بڵاودەکەنەوە کە بەهۆیەوە سەدان موسڵمانی ئەڵمانی پەیوەندیان بەگرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی سووریاوە کردبوو. ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن ئەگەر ئەم بڕیارە بکەوێتە حاڵەتی جێبەجێکردن ئەوا زۆربەی ولاتانی ئەورووپا پشتگیری دەکەن.

تراژیدیای منداڵانی سەرشەقام لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەی خەبات دا...

تۆڕەرێک: ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکانن هیچ وابەستەبوونێکیان نییە و ناشتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێن

دایکێک: خۆم بەتاوانبار دەزانم کە ناتوانم خوێندن و پێداویستی بۆ منداڵەکانم دابین بکەم

باوکێک: ئەگەر کورەکەم نەبێت داهاتمان بەشی هیچ ناکات، بۆیە ناتوانم بینێرمە قوتابخانە

منداڵێک: باوکم پارە دێنتەوەو هەریەکەو هەزار دینارمان دەداتێ، بەڵام نادات بۆ گەورەکەم، چونکە بەشی ئەو ناکات

بەپێی دیباچەی مافەکانی منداڵ کە لە 20ی نۆڤەمبەری 1959 لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پیانراوە، هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان نەگەیشتۆتە 18 ساڵ بە منداڵ هەژمار دەکرێن و سەرجەم مافەکانیان پارێزراوە بەجیاوازی نەتەوەو ئایین و ڕەگەز و ڕەنگی پێست و ڕەچەڵەک. بەڵام لە زۆرێک لەو وڵاتانەی ئەم جارنامەیەان واژۆ کردووە، مافەکانی منداڵان پێشێل دەکرێن و لەنێویشیاندا عیراق و هەرێمی کوردستان.

سەیف حوسێن تۆڕەر و شارەزا لە بواری دەروونی دەڵێت: کارکردن لەسەر شەقام کارێکی زۆر قورسە بەتایبەت بۆ منداڵان و کاریگەری نەرێنی لە سەر تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و دەبێت، هاوکات کاریگەری لەسەر خووڕەوشتی منداڵیش دەبێت.

ئەو تۆڕەرە دەشڵێت: لەلایەنی بەدەنیەوە منداڵەکان زۆرتر بەرەوڕووی بەرکەوتن و ئازاردان دەبنەوە و لەلایەنی زهنیەوە(عەقڵ) پابەندبونی منداڵ بە هەموو ڕۆژ کارکردن لەسەر شەقام کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی منداڵ، بەتایبەت لە ڕووی داهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری، چونکە ئەو منداڵانەی کار دەکەن واز لە خوێندن دێنن، کە خوێندن تەنها فێربوونی نووسین و خوێندنەوە نییە، بەڵکو هاوکارێکی سەرەکی و ڕاستەقینەیە بۆ گەشەی زهنی منداڵ.

سەیف حوسێن لە درێژەی لێدوانەکەی دەڵێت: لە ڕووی دەروونی و هەڵسوکەوت (سلوک) ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکانن هیچ وابەستەبوونێکیان نییە و ناشتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێن، بە پێچەوانەوە فێری هەڵسوکەوتی زور ناشیرن و ناتەندروست دەبن، وەک تووندوتیژی و جگەرەکێشان و... هتد.

لەبارەی ئەوەی کێ لەو دیاردەیە بەرپرسیارە؟ سەیف حوسێن بە خەباتی گوت: ڕاستەوخۆ و بە پلەی یەکەم باوک و دایک بەرپرسیارن، ئەوان کار بە منداڵەکان دەکەن لەبەر چەند هۆکارێک، بەڵام دیارترینیان ئەوەیە کە منداڵ زووتر سۆز و سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشێت تا هاوکاریان بکەن لە بواری ئابووری و هەندێک لە باوکەکان دەیانەوێت زۆرترین منداڵیان هەبێت تا زۆرتر سوودمەندبن، بەمشێوەیەش باوکەکان زۆر بێبەشانە منداڵەکان دەنێرنە سەر شەقامەکان تا کێشە ماددییەکانیان چارەسەر بکەن و زۆر لە منداڵەکان دەکەن تا کار بکەن .

خدیجە عەبدولڕەحمان ژنێکی تەمەن 29 ساڵانە و دایکی یەکێک لەو منداڵانەیە، کە لەسەر شەقام ئیش دەکات، کاتێک پرسیارمان لەبارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی کارکردن بە منداڵەکەی لێکرد، بەگریانەوە گوتی: کورەکەم دەچێت کاربکات، بەڵام زۆر نەدارین، بۆیە باوکیشی ئەوی نارد ئیش بکات، من خۆشم بەتاوانبار دەزانم کە ناتوانم خوێندن و پێداویستی بۆ منداڵەکانم دابین بکەم، ئێستایش پێمخۆشە هیچ نەبێ بیخوێن باشترە لەوەی منداڵەکانم لەسەر شەقامەکان لە هاویندا بسووتێن و لە زستان ڕەقبنەوە لەسەرمان.

خەدیجە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: باوکیان بەقسەم ناکات، ئەو دەیانێرێتە دەرێ، ئەگەرنا من ڕازی نیم، تا ئەو کاتەی دێنەوە من دڵم بۆیان لێدەدات و بەردەوام لە دڵەڕاوکێدام نەکا شتێکیان بەسەر بێت.

عەلی و هاوڕێکانی هەموکات لە بەردەم نەخۆشخانە کۆدەبنەوە تەواو بۆ بەنزینخانەکان بکەن.

"تاریق عەلی" دەڵێ: لەوەتەی ئەو بەنزینە خراپە لە بازاڕدا هەیە بەنزینی باش لەبازاڕدا بوونی نییەو ئەگەریش هەبێت نرخەکەی زۆر گرانبووە.

"ستار سلێمان" گوتی: زۆربی ژمارەی وێستگەی بەنزین وایکردووە کە بەنزینی کوالیتی نزم لە بازاڕدا زۆربێت، سەرەڕای ئەوەش نرخەکەی گرانە.

"وەستا عەبدولڕەزاق" لە (ناوچەی پیشەسازی باکوور) گوتی: ڕۆژانە زیاتر لە10 ئۆتومبێل بەهۆی بەنزینی خراپەوە سەردانی ناوچەی پیشەسازی دەکەن و هۆکارەکەشی بۆ بەنزینی خراپ و کوالیتی نزم دەگەڕێتەوە، هەقوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆژانە پشکنین بۆ بەنزینی بەنزینخانەکان بکەن.

"وەستا سەمەد"ی فویل پەمپ گوتی: نازانین چۆن لەدەست ئەو بەنزینە خراپە ڕزگارمان بێت؟ ڕوو لە هەر وێستگەیەک دەکەیت بەنزینەکەی کوالیتی خراپەو بەنزینی کوالیتی باش لە بازاڕدا کەمە، ئەگەرچی نرخەکەشی گرانە.

سەبارەت بە بەنزین و کوالیتیەکەی" گەیلان جەمال" بەڕێوەبەری تاقیگەی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکەن.

"ئەو بەنزینە خراپە لە بازاڕدا هەیە بەنزینی باش لەبازاڕدا بوونی نییەو ئەگەریش هەبێت نرخەکەی زۆر گرانبووە."

"ستار سلێمان" گوتی: زۆربی ژمارەی وێستگەی بەنزین وایکردووە کە بەنزینی کوالیتی نزم لە بازاڕدا زۆربێت، سەرەڕای ئەوەش نرخەکەی گرانە.

"وەستا عەبدولڕەزاق" لە (ناوچەی پیشەسازی باکوور) گوتی: ڕۆژانە زیاتر لە10 ئۆتومبێل بەهۆی بەنزینی خراپەوە سەردانی ناوچەی پیشەسازی دەکەن و هۆکارەکەشی بۆ بەنزینی خراپ و کوالیتی نزم دەگەڕێتەوە، هەقوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆژانە پشکنین بۆ بەنزینی بەنزینخانەکان بکەن.

"وەستا سەمەد"ی فویل پەمپ گوتی: نازانین چۆن لەدەست ئەو بەنزینە خراپە ڕزگارمان بێت؟ ڕوو لە هەر وێستگەیەک دەکەیت بەنزینەکەی کوالیتی خراپەو بەنزینی کوالیتی باش لە بازاڕدا کەمە، ئەگەرچی نرخەکەشی گرانە.

سەبارەت بە بەنزین و کوالیتیەکەی" گەیلان جەمال" بەڕێوەبەری تاقیگەی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکەن.

"تاریق عەلی" دەڵێ: لەوەتەی ئەو بەنزینە خراپە لە بازاڕدا هەیە بەنزینی باش لەبازاڕدا بوونی نییەو ئەگەریش هەبێت نرخەکەی زۆر گرانبووە.

هەولێر... دروستکردنی گەورەترین باخچەی ئاژەڵان لە قۆناغەکانی کۆتایی دایە



خەبات ـ سەید فەخرەدین:
نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگار، پرۆژەی گەشتیاری و وەبەرهێنانی باخچەی ئاژەڵانی هەولێری لە ڕێگای کەسنەزان بەسەر کردەوە.
پارێزگاری هەولێر لەو بەسەرکردنەوەیەدا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەو پرۆژەیەی کرد کە لەسەر ڕووبەری 200 دۆنم زەوی وەکو گەورەترین باخچەی ئاژەڵان و لەسەر ئاستی عێراق و بەگوێرەی ستانداردە جیهانییەکان دروست کراوە و ئێستا قۆناغی یەکەمی بەئاکام گەیشتووە. جەختیش کرایەوە سەر خێراکردنی کارەکانی ئەو پرۆژە گەشتیارییەکە، کە گرنگی خۆی دەبێت بۆ پێشخستنی بواری گەشتوگوزار و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران کە ڕوو لە پایتەخت دەکەن.

خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری پارچە زەوییەک و 7 هەزار دۆلار وەردەگرن



جێگری پارێزگاری هەولێر گوتی: بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، هەر کەسێک لە خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری، پارچەیەک زەویی پێ دەدرێت و 7 هەزار دۆلاریشی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.
تاهیر عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر کەسێک لە گوندی کۆری خانووی بۆ دەرچووبێت، قەرەبوو دەکرێتەوە بە دانەوەی حەوت هەزار دۆلار و پێدانی 200 مەتر زەوی، کە ژمارەیان چوار هەزار کەسە.
عەبدوڵڵا گوتیشی: دوای دەرچوونی بڕیارەکە، لەلایەن شارەوانیی هەولێرەوە جێبەجێ دەکرێت و ئەوان لە شوێنێک زەوی بۆ خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری دابین دەکەن.
بڕیار بوو گوندی کۆری لە ماوەی دوو ساڵ لە ساڵی 2013ـوە تەواو بکرێت، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی‌یەوە تەواو نەکرا، بۆیە حکوومەتیش قەرەبووی کردنەوە.

هەولێر... لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ لە ڕەوشی بازاڕیان کۆڵییەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لە ڕەوشی بازاڕ و دڵنیابوون لە تەندروستی خواردن و نرخی کاڵا و شتومەک دوێنێ شەو نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و سەرۆکی لێژنە، لەگەڵ ستافی لێژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ لە نزیکەوە بازاری شاری هەولێریان بەسەرکردەوە و پشکنینیان بۆ چەند خۆراک و خواردنەوە و ساردەمەنی و سەمونخانەیەک کرد و قایمقامی هەولێر هاوواڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاوواڵاتیان دان و لێژنەکان هەموو کاتێک پشکنین بۆ شوێنە گشتییەکان و خواردنگەکان دەکەن.
لەلایەکی دیکەوە نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی هەولێر لەگەڵ ستافی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ و پۆلیسی شارەوانی کۆبوونەوە و ئامانجیش لەو کۆبوونەوەیە ئاگاداربوونی زیاترە لە ئیش و کارەکانی لێژنەکان و پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ لێژنەکە خستەڕوو، دواتر سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی ستافی لێژنەکە کرد.

دڤێت چ جاران دایکێن شەهیدان ڕوندکا نەبارینن چونکی ب ڕومەتترین دایکە لسەر ڕویێ عەردی



ل دیڤ بەرنامێ لقا ئێک بۆ هاریکاری کرنا مالباتێن شەهیدان یا بەردەوامە، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگەها شەهیدان یا لقا ئێک ب ئامادەبونا هژمارەکا مالباتێن شەهیدان ل سنورێ لیژنا ناوچا ئاشتی کوم بوون، دڤێ کوم بوونێ دا بەرپرسێ لقێ گوت: ئەم وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بتنێ خوە قەردارێن مالباتێن شەهیدێن خوە دبینین چونکی دایکێن وەکو هەوە د شورەشێ دا جەنگاوەر دروست کرن داکو ئەڤرو یا مە هەبیت و زوربەی شورەشگێرێن ڕاستەقینە ژبەر خەلکێ زولم لێکری شەر کر و شەهید بوون شورەشێ کەسێن سەر بلند دروستکرن و خوە کرە قوربان ژ بۆ گەل و نیشتمانێ خوە، ئەڤا نها ژی وەکو لقا ئێک پێشکێشی مالباتێن شەهیدێن سەر بلند دکەین ژ ڕاستپاردەیێن ڕاستە ڕاستا جەنابێ سەروک بارزانی نە ژ بۆ خوەشکرنا ژین و ژیارا مالباتێن ڤان برومەتان، کور و کچ و دایک و خێزانێن ڤان سەربلندا ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ وان پەیڤێن دل هینکەر لهەمبەری مەزناهیا شەهیدێن وان.

لە مەرزی شۆشمێ دەست بەسەر 24 تۆن شووتیی ئێرانیدا گیرا



بەڕێوەبەری شارەدێی بیارە لە پارێزگای هەڵەبجە دەستبەسەرداگرتنی 24 تۆن شووتیی ئێرانیی لەلایەن هێزەی کەرەنتینەی کشتوکاڵی مەرزی شۆشمێ- تەوێڵەوە ڕاگەیاند. حەمید بارام، بەڕێوەبەری شارەدێی بیارە، بە باسنیوز ی ڕاگەیاند دوێنێ یەکشەمە 2019/5/12 لەلایەن هێزەی کەرەنتینەی کشتوکاڵی مەرزی شۆشمێ- تەوێڵە لە سنوری شارەدێی بیارە دەست گیراوە بەسەر بڕی24 تۆن شووتیی خراپی ئێرانیدا کە لەپشکنین دەرنەچووە. گوتیشی لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا بە هەمان شێوە دەست گیراوە بەسەر بڕی زیاتر لە13 تۆن شووتیی خراپدا کە لە پشکنین دەرنەچووبوو.

شەوانەی ڕەمەزان..

هەولێر.. گەنجانی شارەکە ڕوو لە بازاڕی تەعجیل دەکەن



بازاڕی تەعجیل، بریتییە لە شەقامێکی کۆن و یەکێکە لە بازاڕە هەرە کۆن و قەرەباڵغەکانی شاری هەولێر و تا ئێستاش بە شێوە کلاسیکییەکەی ماوەتەوە و ئەم بازاڕە لە شەواندا بەتایبەتیش لە شەوانی ڕەمەزاندا زۆرترین خەڵک سەردانی دەکات و کاتەکانیان لەوێ بەسەر دەبەن.

خەبات ـ هەولێر

ئەم بازاڕە لە ناوەڕاستی گەڕەکی تەعجیل هەڵکەوتووە کە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی شاری هەولێر و بەوە ناسراوە کە جۆرەها خواردنی لێیە بەتایبەتی گۆشتی چەندین جۆر باڵندە و دوکانەکانیش لە مانگی ڕەمەزاندا تا پارشێو بەکراوەیی دەمێننەوە و بەشێک لە خەڵک لەم بازاڕەدا پارشێو دەخۆن.
خاوەنی یەکێک لە چێشتخانەکان کە گۆشتی چەندین باڵندە ئامادە دەکات، ڕایگەیاند کە ماوەیەکی درێژە لەم شوێنە کار دەکات و بازاڕەکە خواستێکی زۆری هاووڵاتییانی لەسەرە و جگە لە هاووڵاتییانی ناوخۆیی، گەشتیارانی بیانیش بۆ خواردنی گۆشتی باڵندەکان، سەردانی بازاڕی تەعجیل دەکەن.
لە چێشتخانەکاندا، چەندین مەنجەڵی گەورە دەبینرێت کە هەریەکەو جۆرێک باڵندەی تیادا دەکوڵێت و لەسەر شۆستەی شەقامەکانیش شوێنی دانیشتنی هاووڵاتییان کراوەتەوە و لە نێوان هەردوو چێشتخانەشدا، چایخانەیەکی لێیە کە جگە لە چا خواردنەوەش، چەندین یاری و نمایشی دیکەی تیادا دەکرێت کە باوترینیان نمایشکردنی کۆترە گرانبەهاکانن.
خاوەن چێشتخانە، موئەیەد موعتەسەم گوتی: "ئەم شوێنەی من لێی کار دەکەم، 36 ساڵە چێشتخانەیە و من ماوەی 12 ساڵە لێرە کار دەکەم، ئەوانەی سەردانمان دەکەن ئەو کڕیارانەن کە پێشووتر هاتوونەتە ئێرە، جگە لە هاووڵاتییانی هەولێر لە دهۆک، سلێمانی، کەرکووک و شارەکانی دیکەش کڕیارمان هەیە و سەردانمان دەکەن، بەتایبەت دێن بۆ خواردنی گۆشتی، کۆتر، کەو، پڕۆ و سوێسکە، فڕوج و ریشۆڵە".
لەبارەی ئەوەی کە گۆشتی کام باڵندە خواستی زیاتری لەسەرە، موئەیەد موعتەسەم گوتی: "لە مانگی ڕەمەزاندا ئێرە زۆر قەرەباڵغە و ئەم بازاڕە لە کۆنەوە بە کەباب و باڵندە بەناوبانگە و بە ڕۆژ هەموو دوکانەکان داخراون و بەشەوانەش تا پارشێو دەمێننەوە و خەڵک لێرە پارشێو دەخوات و گۆشتی کۆتر لە هەموویان زیاتر خواستی لەسەرە".
لەگەڵ هەبوونی ئەم بازاڕە و بوونی چەندەها جۆر گۆشت، بەڵام دیوێکی هەرە گرنگی بابەتەکە، ڕەچاوکردنی لایەنی تەندروستییەوە و بۆ ئەم مەبەستەش موئەیەد موعتەسەم گوتی: "خواردنەکانمان لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاوە چونکە هەمووی بە چەوری خۆیان ئامادە دەکرێن و هیچ ڕۆنێکیان تێناکەین و ئەمەش وایکردووە خواستێکی زیاتری لەسەر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شەوی ڕابردوو لێژنەکانی چاودێری تەندروستی سەردانییان کردین و دەستخۆشییان لە ئێمە کرد لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان لە ڕووی پاک و خاوێنی و کوالێتی خواردنەکانەوە".
گەڕەکی تەعجیل بە دووری نزیکەی 200 مەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەڵای هەولێر و یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکان کە کاتی خۆی زۆربەی دانیشتوانەکەی جوولەکە بوون و لە ساڵی 1954 شەقامی شا فەیسەڵی دووەم لە نێوان گەڕەکی تەعجیل و شەقامی باتا کرایەوە و ئێستاش یەکێکە لە شەقامە سەرەکییەکانی ناو شاری هەولێر کە کۆتری ئاشتی بە چوارپانی شێخی چۆڵی دەبەستێتەوە.







بەڕێسی لقی دوو: مانەوەی یاریە میللییەکان نیشانەی مانەوەی فۆلکلۆر و مێژووە



ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری هیوا جەوهەر و عزەت جەعفەر و جەسام موشیر کارگێڕانی لق و هەڤاڵ عەبدولعەزیز بەرپرسی لێژنەی ناوچەی قەڵات، بەشداری یاری میللیی کلاو کلاوێنی ناوەندی حەیرانیێژان یان لاوک و حەیران و بەستە لەلایەن حەیران پێژانی شاری هەولێرەوە، یاری میللیی کلاو کلاوێن لەنێوان یانەکان دەستی پێکرد کە وەک پاڵەوانیەتییەک ناوەندی حەیرانیێژان لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لەنێو پارکی شانەدەر ڕێکی خستووە.

ئەحمەد کانی بەشداری خۆشی و یاریبەکانی کرد و ئومێدی کرد ئەو یاریە میللییانە هەر بەردەوام بن، چونکە ئەوە نیشانەی مانەوە و پاراستنی فۆلکلۆری کوردەوارییە، پێشی وابوو شەوانی ڕەمەزانی پیرۆز بەو یاریانە جوانتر و بەچێژتر دەبێت.

هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی و کاری کاسبکاران، بەرپرسی لقی دوو سەردانی بازاڕی تەعجیل دەکا و جموجۆڵی ئەو شەوانەی مانگی ڕەمەزان و یاریبە میللییەکان بە کلتوورێکی جوانی هەولێر وەسف دەکات.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی و ئاریان سەلاحەدین کارگێڕانی لق و هەڤاڵ عەبدولعەزیز، بەرپرسی لێژنەی ناوچەی قەڵات، سەردانی بازاڕی تەعجیلی کرد کە بە یەکێک لە بازاڕە هەرە قەرەباڵغ و پڕ لە جموجۆڵەکانی هەولێر ئەژمار دەکرێت. لەو بەسەر کردنەوەیەدا بەرپرسی لقی دوو لەگەڵ هاوڕێیان و کاسبکارانی بازاڕەکە، باسی ڕەوشی ئارامی و تەناهی پایەختی کرد و پێی وابوو ئەوەی هەولێری لە ناوچەکانی دیکەی عێراق جیا کردۆتەوە، ئەو ئارامییەیە کە بە هەوڵی پێشمەرگەی قارەمانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس وەدی هاتووە جگەلە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگە کە پاراستنی خاکی کوردستان لە دەستدرێژی ناحەزان.

بەرپرسی لقی دوو ستایشی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کرد کە توانیویانە ئارامی ئەو بازاڕە قەرەباڵغانە بپارێزن و ئەو خەڵکانەشی کە شەوانە لە بازاڕەکە کاتی خۆیان بەسەر دەبەن، هەست بە دڵنیایی بکەن.

وەزیری پەروەردە پێشوازی لە نوێنەری کونسوڵی گشتی سوید لە هەولێر کرد



دوێنێ دووشەممە ڕێکەوتی 2019/5/13ی زایینی، د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە توماس ماگنۆسسۆن، نوێنەری کونسوڵی گشتی سوید و شاندێکی ڕێکخراوی پاک لە سوید سەردانی وەزارەتی پەروەردەیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری پەروەردە و نوێنەری کونسوڵی وڵاتی سوید، باسیان لە قوتابخانەی سویدی و گرنگی زیاتر بە زمانی سویدی لە هەرێمی کوردستان بدرێت گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

دواتر وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی خۆی و وەزارەتی پەروەردەی نیشاندا بۆ وڵاتی سوید و نوێنەری کونسوڵی گشتی سوید لە شاری هەولێر دەربڕی و هیوای خواست کە بتوانرێت پەیوەندییەکی دوولایەنەی پتەوەتر دروست بکەن بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بدەن.

لەبەرامبەریشدا نوێنەری کونسوڵی سوید لە هەولێر سوپاسی وەزیری پەروەردەی کرد و دڵنیای دایە وەزارەتی پەروەردە کە لە ڕۆحیەتی پێکەوەکارکردن و هاوکاری جاران باشتر کار دەکەن و ڕۆڵیان دەبێت لە ڕووی پێشخستن و خزمەتی پەروەردە لە پێداوانی ئاسایش و پۆلیس وەدی هاتووە جگەلە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگە کە پاراستنی خاکی کوردستان لە دەستدرێژی ناحەزان.

بەرپرسی لقی دوو ستایشی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کرد کە توانیویانە ئارامی ئەو بازاڕە قەرەباڵغانە بپارێزن و ئەو خەڵکانەشی کە شەوانە لە بازاڕەکە کاتی خۆیان بەسەر دەبەن، هەست بە دڵنیایی بکەن.

ئەو بەشە خۆراکەی لە شارەکانی عێراق دابەش دەکرێت لە هی کوردستان باشترە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕونیکردەوە: دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونمان دەرکەوتووە کە ئەو مادە خۆراکییانەی کە لە شارەکانی عێراق دابەش دەکرێت لە ڕووی کوالیتی و جۆرەوە لە هی کوردستان باشترە هەر بۆیە لە چوارچێوەی گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی بەڵگەکانمان بۆیان خستۆتەڕوو ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیاندەوە کە ئەو جیاوازیە نەهێڵن دواتر بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم باسی پڕۆژەی کارتی زیرەکی خۆراکی کرد کە ئێستا لە ژێر ئەزموونداید.

ڕانیە.. کچێکی میرمنداڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللە گیانی لەدەست دا

ئاگاداری
ڕۆژنامەی ارییللی کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری (خەسرەو پیربال القصاب)ە و بە هەردوو زمانی کوردی ـ تورکمانی بە شیوەی وەرزی لە هەولێری پایتەخت دەردەچێت، جا هەرکەسیک تێبینییەکی هەیە با پەیوەندیمان پیوە بکات.
لەگەڵ ڕیزماندا.
pirbal@hotmail.com
07504461416

پۆلیسی ڕاپەڕین ئاشکرای کرد دەنگانی شەوی ڕابردوو لە گوندێکی سنووری شارەدێی چوارقوڕنەی سەر بە ڕانیە، کچە قوتابییەکی میرمنداڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە گیانی لەدەست داوە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: دەنگانی شەوی ڕابردوو تەرمی کچێکی تەمەن 13 ساڵ بەناوی هـ. د کە قوتابی بووە و دانیشتووی گوندی قەمتەرانی سەر بەشارەدێی چوارقوڕنەیە هێنرایە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە کە شوێنەواری فیشەکێک بە جەستەیەوە بووە. گوتیشی، بە گوتەی کەسوکاری کچەکە، ڕووداوەکە لە کاتێکدا بووە کە براکەی بەناوی م.د تەمەن 10 ساڵ لە ماڵی خۆیان دەستکاریی چەکی کردووە و لەو کاتەشدا فیشەکێک لە چەکەکە دەرچووە و بەر خوشکەکەی کەوتووە و بەو هۆیەوە گیانی لەدەست داوە. بۆ ڕووداوەکە دۆسیە کراوتەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، هەڤاڵی بارزانیی نەمر، قادر محەمەد عومەر سەفتی، پڕ بە دڵ، سوپاسی بێ پایان بۆ بەڕێز سەباح بارزانی، بەڕێز عەلی عەونی بەرپرسی لقی10 و بەڕێز سەباح بەیتوڵلا بەرپرسی لقی 9 ئاکرێ و بەرپرسانی حزبی و حکومەمی و جەماوەری دەڤەری بارزان لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی خوالێخۆشبوو لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان بەشداربوون و لە خەمەکانی نێمەیان کەم کردەوە، سوپاسێکی بی پایان بۆ بەڕێز کاک سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی، سیهاد بارزانی، بەهزاد بارزانی، بارزان بارزانی، مسر بارزانی، نوێنەرانی مەکتەبی کاک نێچیرڤان بارزانی، نوێنەری مەکتەبی کاک مەسرور بارزانی، پەرلەمانتاران، دامودەزگاکانی حکومی و حزبی و ئەمنی، فەرماندە لەشکرییەکان، پێشمەرگەکان، مامۆستا ئایینییەکان و کەسایەتی و ڕیش سپییەکانی دەڤەری بارزان و شوێنەکانی تر کە لە ڕێگەی دووڕوەوە تەشریفیان هێنا، سوپاسی هەموو ئەو ئازیزانە دەکەین کە زەحمەتیان کێشا و بەشداری پرسەیان کردووە و دڵنەواییان بە ئێمە بەخشی، سوپاس بۆ ئەو دڵسۆزانەی لە دەرەوەی وڵات بە تەلەفۆن و ئیمێل پەیوەندیان پێوە کردین.
هاوخەمیتان ئازارەکانیان لە بیر بردینەوە، خوا پاداشتی هەموولایەک بداتەوە.

إنا لله و إنا إليه راجعون
بنەماڵەی خوالێخۆشبوو هەڤاڵی بارزانیی نەمر
قادر محەمەد عومەر سەفتی

شەوانەی ڕەمەزان.. سلێمانی.. ئامادەکردنی خوانی بەربانگ لە مزگەوتی گەورە



لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی وەک نەریتێکی ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژانە خوانی بەربانگ بۆ نزیکەی چوار هەزار کەس ئامادە دەکرێت، زۆربەی ئەو کەسانەشی سوودمەند دەبن لەو خوانە کرێکاری ناوخۆیی و بیانی و ڕێبواران و ماڵە هەژارەکانن.

خەبات ـ سلێمانی

ئامادەکردن و بەخشینی خوانی بەربانگ لەناو مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بەو کەسانەی پەنا بۆ مزگەوتەکە دەبەن نەریتێکی کۆنە و بە دریژایی ساڵ بەردەوامی هەیە، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا ئەو نەریتە جیاوازترە و ڕۆژانە و بۆ کاتی بەربانگ بڕێکی زۆرتری خواردن ئامادە دەکرێت و ژمارەیەکی زۆرتر سوودمەند دەبن لەو خوانە.

ئەوەش وای کردووە لە کاتی ئێواران و نزیکبوونەوەی کاتی بانگدا زۆرترین کەس ڕوو لەم مزگەوتە دیارەی شارەکە بکەن، کە دەکەوێتە ناوەندی شارەکە و مێژوویەکی کۆنی هەیە و یەکەم مزگەوتی شارەکەیە، زۆربەی ئەو کەسانەش کەسانی هەژار و کرێکار و ڕێبوارانن کە بەشێکیان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

لەناو مزگەوتەکەدا چێشتخانەیەکی گەورەی تێدایە کە بەناوی چێشتخانەی خێرخوازی کاک ئەحمەدی شێخ کراوە، وەک سەرپەرشتیارانی مزگەوتەکەش دەڵێن خەرجی چێشتخانەکە و ئامادەکردنی خوانی بەربانگ لە لایەن خێرخوازانی شارەکەوە دەکرێت.

لە ساڵی 1308ی کۆچی لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم، منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە .

بە گوتەی سەرپەرشتیارانی مزگەوتەکە پێدانی خواردن لەو مزگەوتەوە بە هەژاران بۆ زیاتر لە 60 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامی هەیە، تێچووی خواردنەکەش لە لایەن خێرخوازانەوە دەدرێت.

پێشنوێژ و سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، محەمەد حسێن لەو بارەیەوە گوتی: لەسەرەتای دروستکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لەلایەن میرنشینەکانی بابانەوە بۆ کاک ئەحمەدی شێخ، مزگەوتەکە سەردڕای ئەوەی شوێنێکی خواپەرستی بووە بەردەوامیش لانەی هەژاران و ڕێبواران و ئەو کەسانە بووە ڕویان لە شارەکە کردووە و نەدار و هەژار و کرێکار بون".

ئەو گوتی:" کاک ئەحمەدی شێخ لە سەردەمی خۆیدا چێشتانەکەی کردووەتەوە بۆ کەسانی نابینا و کەم ئەندام و خەڵکانی هەژار کە ڕویان لەم کەسانەدا دابەش دەکرێت کە لە نێو مزگەوتەکەدان، بەشەکەی تریش لە پێش کاتی بەربانگ دەبرێتە گەڕەکە هەژارەکان و بەسەر ئەو خێزانانەدا دابەش دەکرێت کە هەژار و کەم دەرامەتن.

بە گوتەی یەک لە ئامادەکارانی خوانەکە، ڕۆژانە بڕی ئەو خواردنەی بۆ ماڵە هەژارەکانی دەرەوەی مزگەوتەکەی ئامادە دەکەن و دەبرێت و دابەش دەکرێت دەگاتە 85 کیلۆگرام برنج و 25 کیلۆ فاسۆلیا و نزیکەی 180 کیلۆ مریشک، جگە لە شارە کردووە، بەپێی سەردەم ئەم چێشتخانەیە زیادی کردووە و گەورە بووە".

سەرپەرشتیاری مزگەوتەکە باس لەوە دەکات، لە ئێستادا و لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژانە خوانی بەربانگ بۆ نزیکەی چوار هەزار کەس ئامادە دەکرێت، کە بەشێکی ئێواران لە چێشتخانەکە و بەسەر ئەو بڕێکی زۆر زیاتر کە بۆ ئەو کەسانە ئامادە دەکرێت کە لە نێو مزگەوتەکەدا خوانی بەربانگ دەبن.

جگە لە مانگی ڕەمەزان، لە مانگەکانی تری ساڵیشدا چێشتخانەکە لە ڕۆژانی هەینی کراوەیە و خوانی نیوەڕۆوان بۆ ئەو کەسانە ئامادە دەکات کە لە مزگەوتەکە ئامادەن.

ناهی عەلی ژنێکی تەمەن 55 ساڵانی دانیشتووی سلێمانییە و لەگەڵ برایەکی لە نێو مزگەوتەکە و لە نزیک چێشتخانەکەوە وەستابوو، ئەو گوتی:" ئەم نەریتە بۆ سەردەمی کاک ئەحمەدی شێخ دەگەڕێتەوە و زۆرترین کەسی هەژار و کرێکار و کەمئەندام کە ئێواران ڕوو لەم مزگەوتە دەکەن لێی سودمەندن، جگە لە مانگی ڕەمەزان لە مانگەکانی تریش بەهەمان شێوە هەیە و بەردەوام خزمەتی ئەو کەسانە دەکات کە سەردانی دەکەن".

ئەو داوا دەکات، لە مانگی ڕەمەزاندا خێرخوازان هاوکاری زیاتری کەسانی هەژار و کەمدەرامەت و ئەو خێزانانە بکەن کە دۆخی ژیانیان خراپە و لە پاش خودا چاوەڕێی دەستی خێرخوازان دەکەن.



بەربانگی بە کۆمەڵ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی



کارۆخ خۆشناو: ئەمریکا هەوڵدەدات ئێران ناچار بکات بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و رازی بێت بە 12 مەرجی ئەمریکا

*** ئایا پێتان وایە جەنگ لە نێوان ئەمریکا و ئێران ڕووبدات؟**

١ – أمنه حاجی علی اغا معروف ٢ – مجید بگ قادر پاشا ٣ – فهیمه خان قادر پاشا ٤ – شمسه خان قادر پاشا ٥ – اختر محمد بگ قادر پاشا ٦ – گوزیده محمد بگ قادر پاشا ٧ – عطیه محمد بگ قادر پاشا ٨ - عثمان محمد بگ قادر پاشا ٩ – افتاب محمد بگ قادر پاشا ١٠ – محمد علی بگ محمد بگ قادر پاشا ١١ – فوزیه محمد بگ قادر پاشا ١٢ – قادر بگ محمد بگ قادر پاشا ١٣ – بهیه محمد بگ قادر پاشا ١٤ – خانم محمد بگ قادر پاشا ١٥ – زکیه محمد بگ قادر پاشا ١٦ – انجم محمد بگ قادر پاشا ١٧ – حمدیه حاجی محمد ملا قادر ١٨ – احمد توفیق افندی عزیز اغا ١٩ – فایەق توفیق افندی عزیز اغا ٢٠ –ناهده توفیق افندی عزیز اغا ٢١ – محمود توفیق افندی عزیز اغا ٢٢ – نزیره توفیق افندی عزیز اغا ، ٢٣ – عزیز حامد بگ محمد بگ ٢٤ – حسن حامد بگ محمد بگ ٢٥ – عبدالقادر حامد بگ محمد بگ ٢٦ – مدینه صالح بگ ٢٧ – نامق بگ احمد بگ قادر پاشا٢٨ – حسن بگ احمد بگ قادر پاشا ٢٩ – کریم بگ محمد بگ قادر پاشا ٣٠ – فاطمه سعید سلێمان ٣١ – نجیاة صبری علی ٣٢ – فریال مصطفی سعید
دادوەر / د.ماجد رشاد محمد
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی / ٤
ژمارە : ٢٠٢٩ / ب / ٢٠١٨
بەروار : ٨ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : اردلان رووف علی و سالار اسماعیل سلیم و کامران رشید
داوالەسەرکراو : فاتح احمد غفور
داواکار لەم دادگایە داوایەکی لەسەرتان تۆمارکردووە بە ژمارە (٢٠٢٩ / ب / ٢٠١٨) وە دادگا لەبەروارى (٢٠١٩/٤/١) بریارێکی دەرکرد بە نائامادەیی بەرانبەرتان (غیابی) ئەویش بە (ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکرد بە ١ – بە پوچەڵ کردنەوەی داواکە سەبارەت بە داواکاری دووەم ٢ – پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەراندنەوەی بری ٨٦٢٠٠٠ $ هەشت سەد و شەست و دوو هەزار دۆلار یان بەرامبەرەکەی بە دینار کە دەکاتە بری ١٠٤٣٠٢٠٠٠٠ یەك ملیار و چل و سێ ملیۆن و بیست هەزار دینار بۆ داواکارانی یەکەم و سێیەم، سەرجەم تێچوەکانی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی داوا لەسەرکراو بە ئەرکانەی پارێزەرێتی بریکارانی داواکارانەوە بە بری ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار کە دابەشدەکرێت لەتیوانیان بە یەکسانی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (رزگاری تازە) بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی نێوخۆیی بەمەبەستی ئاگادارکردنتان بە بریاری ئەم دادگایە وە مافی تانەدانت هەیە لەم بریارە لەماوەی یاسایی دا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەرانبەرت بە پێی یاسا.
دادوەر / سۆران ابراهیم عارف
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (داراتوو)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٩
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن هاوڵاتی (عبدالحکیم واحد قادر) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (گوندی کەردز) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆماەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- C.T.P بۆ چاپکردنی پلێت لێزەری ژمارە/٠١٠٠١١١٩ دروستکراوی امریکی مۆدێل ٢٠٠١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.P٥ هاوپێچ/ کۆمپیوتەر و بۆرد و کێس و کۆنترۆل.
٢- ئامێری شووشتنی پلێتی جۆراوجۆر ژمارە/ ٩١٨٠٢/٠١١٣ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.P١٢
٣- چاپکردنی دوو ڕەنگ و ژمارە دانان ژمارە/ ١٢٤٤ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.P٨
٤- چاپکردنی دوو ڕەنگ و ژمارە دانان ژمارە/ ٢١١٠ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠٠٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.P١١,٥
٣- ئامێری علەزۆنی گواستنەوەی مەواد/ ژمارەی ئامێر/٩١٠,١٣٢٥١، تورکی/ مۆدیل/٢٠١٨ / کارەبا/٥٠٥k.w
٤- ٣دانە ئامێری کردنەوە و داهستنی ئالیکی ئامادەکراو/ ژمارەی ئامێر/٥٤٢،١٢٧٤٩/ تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
٥- ئامێری لیڤاتۆری سەرخستن و هێنانە خواری مواد ٢٥٣،١٣٢٥٩/تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
٦- ئامێری علەزۆنی گواستنەوەی مواد ژمارەی ئامێر/٢٣٥،١٣٢٥٥/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
٧- ئامێری لیڤاتۆری سەرخستن و هێنانە خواری مواد ژمارەی ئامێر/٢٥٤،١٣٢٥٨/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
٨- ئامێری لیڤاتۆری سەرخستن و هێنانە خواری مواد ژمارەی ئامێر/٢٥٧،١٣٢٥٦/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
٩- ئامێری لیڤاتۆری سەرخستن و هێنانە خواری مواد ژمارەی ئامێر/٢٥٢،١٣٢٧٠/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
١٠- دووداڵە ئامێری کردنەوە و داهستنی ئالیکی ئامادەکراو/ ژمارەی ئامێر/٥٤٤،١٢٧٥٠/تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
١١-ئامێری تێکەڵاوکردنی ئالیك میکسەر ژمارەی ئامێر/٣٩،١٢٧٢٨/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٢٢k.w
١٢-ئامێری دەرچەکی کردنەوە و داهستنی سلایتی ئالیك ژمارەی ئامێر/١٢،١٢٧٠٩/ تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
١٣- ئامێری علەزۆنی گواستنەوەی مەواد ژمارەی ئامێر/٢٠٥،١٣٢٤٩/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
١٤-٨ دانە خەزانی سایلۆ٥٠ تەنی / تورکی/ ٢٠١٨
١٥-ئامێری سارکردنەوەی ئالیك ژمارەی ئامێر/٦٥،١٢٧٢٩/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠١k.w
١٦-ئامێری لێك جیاکردنەوەی ئالیك کرام بڵ ژمارەی ئامێر/٩٣،١٢٧٣٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠١٦k.w
١٧- ئامێری علەزۆنی گواستنەوەی مەواد ژمارەی ئامێر/٧٤٠،١٣٢٥٠/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
١٨- ئامێری علەزۆنی گواستنەوەی مەواد ژمارەی ئامێر/٩٠،١٣٢٥٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠٥k.w
١٩- ئامێری کردنەوە و داهستنی مەواد ژمارەی ئامێر/٢٠٠٠٠٨/تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
٢٠-ئامێری سایلۆی کردنەوە و داهستنی ئالیکی ئامادەکراو ژمارەی ئامێر/٥٤٣،١٢٧٥٠/تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
٢١- ئامێری لیڤاتۆری زنجیر ژمارەی ئامێر/٦٨٨،١٣٢٤٥/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥٠١k.w
٢٢- ئامێری سایلۆی کردنەوە و داهستنی موادی ئامادەکراو ژمارەی ئامێر/٥٤١،١٢٧٤٨/ تورکی/ ٢٠١٨ / هەواو
٢٣- ئامێری سایلۆی کردنەوە و داهستنی موادی ئامادەکراو ژمارەی ئامێر/١١٢٣/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/١،١k.w
٢٤- ئامێری کیشانی ئالیك ژمارەی ئامێر/١٢٥،١٣٠٨٨/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٧،٠k.w
٢٥- ئامێری ڕاکێشانی تۆزی سایلۆکان ژمارەی ئامێر/٠٣،١٨،٢٠٠٦،٧٦/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،٧k.w
٢٦- ٨ دانە ئامێری خزانەی دەرمانی ئالیك / تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٢٧- ئامێری چاروشەی ئالیك ژمارەی ئامێر/١٣٤،١٢٧٢٥/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/١١٠k.w
٢٨- ئامێری فلتەری پاك کردنەوەی ئالیك ژمارەی ئامێر/٩٠،١٢٧٢٦/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١٨k.w
٢٩- ئامێری پڕیسی ئالیك ژمارەی ئامێر/١١٦،١٢٧٤٤/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/١٦٠k.w
٣٠- ئامێری کردنەوە و داهستنی مەواد ژمارەی ئامێر/٤٩٦،١٢٧١٠/ تورکی/٢٠١٨ / هەواو
٣١- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/٧٤١،١٣٢٥٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،٥k.w
٣٢- ئامێری گواستنەوەی مەواد ژمارەی ئامێر/٦٨٧،١٣٢٤٧/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،٥k.w
٣٣- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٩٣،١٣٢٨٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٤- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٩٢،١٣٢٨٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٥- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٩٤،١٣٢٨٢/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٦- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٩٠،١٣٢٨٣/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٧- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٨٩،١٣٢٨٣/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٨- ئامێری علەزۆنی سەرخستنی مەواد ژمارەی ئامێر/١٩١،١٣٢٨٣/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٣٩- ئامێری کیشان(قەپان)ی مەوادی ئەولی تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/١٥k.w
٤٠- ئامێری خیط دورینی فردەی ئالیك ژمارەی ئامێر/٢٧٨،١٢٨٦٥/ تورکی /٢٠١٩/ کارەبا/٥،١k.w قایشی گواستنەوەی دوورمانی فردەی ئالیك
٤١- ئامێری گواستنەوەی مەواد ژمارەی ئامێر/١٣٩،١٢٧٥٢/ تورکی /٢٠١٩/ کارەبا/٢٩،٥k.w
٤٢- ئامێری گواستنەوەی مەواد ئەولی ژمارەی ئامێر/٦٨٦،١٣٢٤٣/ تورکی /٢٠١٩/ کارەبا/٥،٥k.w
٤٣- ئامێری پەمپی زیتی ئالیك ژمارەی ئامێر/١١٢٣/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/١،١k.w
٤٤- ئامێری کیشانی ئالیك ژمارەی ئامێر/١٢٥،١٣٠٨٨/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٧،٠k.w
٤٥- ئامێری بۆیلەری بۆخاری ئاوگەرمکەرن ژمارەی ئامێر/٩٠٢٠٢٢٦٦/ تورکی /٢٠١٩/ گاز
٤٦- ئامێری کێشان (قەپان)ی ئالیك لە فردە ژمارەی ئامێر/٢٠٠،١٢٧٥١/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،١k.w
٤٧- ئامێری لیڤاتۆری زنجیری ژمارەی ئامێر/٦٨٩،١٣٤٨٩/ تورکی /٢٠١٨/ کارەبا/٥،٥k.w
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٨
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (خدر حمزه حمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم/ فخرالدین قادر مجید
١- ئامێری لێك جیاکردنەوەی ئالیك /ژمارەی ئامێر/٩٢/١٢٧٣٣ / تورکی، مۆدیل/٢٠١٨ / کارەبا/٥،١k.w
٢- ئامێری تەسفیەی هەوای/ژمارەی ئامێر/ ٠١،١٨،٢٠٠٦،٢١/ تورکی/ مۆدیل/٢٠١٨ / کارەبا/٥،١٨k.w

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووە :

Job Title	Commercial Manager
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:
• Management of PSC reporting requirements in particular co-ordination of MCMs with the Government and Partners.
• Technical support and advice for all PSC related commercial issues such as entitlement calculation.
• Hydrocarbon Accounting activities required to meet PSC reporting and audit requirements.
• Technical support and advice for all JOA related commercial issues and assistance in JV operating committees.
• Management of services provided to/by other operators including negotiation and administration of contracts.
• Support/co-ordination to BU business planning and budgeting processes for internal, JV and PSC requirements.
• Carryout operational economic analysis and provide support to the corporate economics team for the economic evaluation of development projects.
• Management of sales of crude and products into the local market including market research, negotiations and administration of sales.
• Research and reporting on regional O&G activity and build relationships CMs of other operators active in Kurdistan.sd
• Supporting BU performance reporting activities.

Required Qualifications & Experience:
• Degree qualified in a science, engineering or business subject.
• At least 10 years of relevant experience in commercial roles in the Oil and Gas industry.
• Prior experience working with PSCs essential.
• Prior experience in engineering would be an advantage.
• Experience working as an expat, ideally with previous roles in the Middle East.

Notes for interested Candidates
• Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
• Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووە :

Job Title	Senior Wellsite Geologist
Work Location	Field (Zakho)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Qualifications and experience required:
- Bachelor of Earth Sciences minimum (or equivalent).
- Technical competencies in Operations Geology/Subsurface, Drilling (especially Managed Pressure and Underbalanced Drilling operations), Mud Logging, M/LWD and Wireline Log acquisition, Quantitative interpretation, Reservoir geology, Structural and sedimentary geology.
- Excellent communication skills with both internal & external interlocutors.
- Full Safety Certification including survival, medical, HSE and H2S safety related training
- 15 years varied experience in wellsite geology operations, with a proven background in Mudlogging, or M/LWD, or experience with an Operator. A minimum of 10 years of Wellsite geology experience is required.
- Wellsite Geology experience in the middle east of drilling and evaluation of Cretaceous, Jurassic and Triassic sequence with specific focus on fractured carbonates, and MPD & UBD drilling operations.
- Proven mentoring/training skills and ability to train local staff.
- Full understanding of wireline logging operations and basic formation evaluation techniques, with high emphasis on wireline log QA/QC.
- Full understanding of M/LWD operations, and latest tool technology, especially LWD Imaging Tools.
- Experience of land based VSP operations (Rig Source, Offset VSP and Walk Away/Walk Along VSP Surveys).
- Proven background and understanding of Pore Pressure detection and basic analysis.
- Geosteering experience, especially in fractured carbonate environments.
- Very good written and spoken English.
- Independent stand-alone professional with subsurface degree with 15 years plus relevant experience in wellsite based operational skill base, with a good geological and petrophysical background.
- An in-depth knowledge of all aspects of formation evaluation services and their risks, well placement and steering techniques, pore pressure techniques and methodology.
- Ability to understand all the elements of a multi-disciplinary team.
- A confirmed specialist in wellsite geology with potential to evolve to another professional discipline, such as operations and development geology/petrophysics/reservoir engineering.
- Kurdistan experience is preferable

Notes for interested Candidates
• Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
• Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

هێڵە گەرمەکەی ترامپ بۆ ساردکردنەوەی ئێرانە





سابیر حوسێن

بە درێژایی چل ساڵی رابردوو، هەمیشە ئەجێندا کانی ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئێران لە هەڵکشان و داکشان دابووە، بەڵام بەهەر هۆکارێک بێت شەڕەکە نەقەوماوە.سەرباری ئەوەی بە درێژایی ئەو ماوەیە عەقڵیەتێکی شەڕانگێز کاریان بۆ ئەو پرسە کردووە، وەڵێ زمانی گفتوگۆ زاڵتر خۆی نواندووە.

ئێستا دۆخی ئیدارەی ئەمریکا گۆڕاوە، چونکە ئێستا ئەمریکا خۆی پاڵ بە تەهرانەوە دەنێت تاوەکو بە ئەنقەست بیخاتە ناو خەرەندی شەڕەوە، بۆیە ئێستا ئێران بە دۆخێکی مەترسیداردا گوزەر دەکات کە هەرگیز دەسەڵات بەخۆیەوەی نەبینیوە.ئیدارەی ئەمریکا وەک چۆن پلانی بۆ دوای روخانی سەدام نەبوو ، بەهەمان شێوە بۆ دوای نەمانی دەسەڵاتی ئێرانیشی نییە ،ئەوانەی لە دژی ئیدارەی ئەمریکین چ لە ناوەخۆی ئەو وڵاتە یان لە دەرەوە، پێیان وایە سیاسەتی گەمژەیی دۆنالد ترامپ لە دژی ئێران ئەگەری شەڕ لە ناوچەکە زیاتر دەکات: بەو مانایەی ئەو سیاسەتەی ئیدارەی ترامپ پەیڕەوی دەکات لە بەرامبەر ئێراندا، مەبەست لێی گۆڕینی رژێمی تەهرانە، چونکە بەو گوشارانەی ترامپ دەرچەیەک بۆ دەسەلاتدارانی ئێران نەهێڵراوەتەوە تاوەکو خۆی لێ دەرباز بکەن، تەنها ئەو هێڵە گەرمە نەبێ کە ترامپ بۆ پەیوەندیکردن بەجێی هێشتووە، کە بە تێڕوانینی زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو هێڵە گەرمە بۆ ساردکردنەوەی ئێرانە. بێگومان وەک چاوەڕان جەختی لەسەر دەکەنەوە هەبوونی سێکوچکەیەکی وەک مایک پۆمپیۆ و جۆن بۆڵتن و مایک پێنس هاندەرن بۆ ئەوەی ترامپ راکێشنە ناو شەڕێکی دژوار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو لاشەوە نیگەرانییەکان لەو رووەوە زیاتر بوونە کە سەرباری زیاترکردنی گوشارەکانی سەر ئێران، بەڵام رووبە ئیدارەی ئەمریکی وەک چۆن پلانێکی بۆ دوای روخانی رژێمی سەدام نەبوو لە ساڵی 2003، ئەوە بوو فەوزا و کوشتاری لێ کەوتەوە، بەهەمان شێوە پلانێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەگەرەکانی دوای نەمانی دەسەلاتی ئێران. وەک وەبیرهێنانەوەش ئەو کات لە عێراق جۆن بۆڵتن ئەندازیاری شەڕی دژ بە عێراق بوو، ئێستاش هەمان سیناریۆ لە ئارادایە و هەر جۆن بۆڵتن ئەندازیاری ئاراستەکردنی ترامپە لە دژی دۆسیەی ئێران.

سعودیە و روسیا میحوەری زیرەک

لە نێوەندە ستراتیژییەکان باس لەپەیوەندی سعودیە و روسیا دەکرێ، بەو مانایەی روسیا لە حاڵەتی دووچاربوونی بە دەستبەردار بوون لە هاوپەیمانی ستراتیژی کە ئێرانە، دەستەوەستان نامێنێ، بەڵکو دەروازەیەکی دۆزیوەتەوە، کە گرنگترین مێحوەرە بۆ رایی کردنی زۆرێک لە دۆسیە ئاڵۆزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدا بەش بکات ئەویش وڵاتی سعودیایە، کە دوژمنی ستراتیژی ئێرانە.ئەم لێک نزیکبوونەوەیەی ئەوەی سعودیا و روسیا بە قۆناغی لە وتارەکەی شازادە خالد بن سەلمان لە کۆنگرەی ئاسایشی هەشتەمی جیهانی لە مۆسکۆ رەنگیدایەوە. واتە راستگۆیی ئەو لێکتێگەیشتنەی سعودیا و روسیا بۆتە دیفاکتۆ، ئەم لێک حاڵیبوونە لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری رەنگی داوەتەوە.

ئێران و تەڵەزگەی هورمز

سەبارەت بە داخستنی گەروی هورمز ، ئێران بە داخستنی گەروی هورمز یان هاتوچۆی کەشتییەکان شەلەل دەکات. یاخود ئەوەتا خۆی بێ دەنگ دەکات و دەچێتە ژێر گوێرایەڵی ئیدارەی ئەمریکا ، بێگومان مەرجەکانی ئەمریکا بۆ ئێران بەر لە هەر شتێک کشانەوەیە لە سوریا و کۆتایی هێنانە بە هاوکاریەکانی گروپە شیعەکان و دانانی رادەیەک بۆ دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، کە ئەم مەرجانەش بۆ زۆرینەی حوکمرانانی ئێران ئینتیحاری سیاسییە.

شڵەژاوی بەر لە لێدانی ئێران

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ئێران لەو کاتەی کە ئاماژەکان درا بەرنامەی ئەتۆمیەکەی بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، زۆر نیگەران بووە، چونکە لەو بڕوایەدایە کە ئەم هەنگاوە سزای سەختتری لەپشتەوەیە. ئەمەش لەو روانگەوەی کە ئەمجارە سزاکان لەوە دەردەچێت کە تەنها سزای ئەمریکی بێت، بەڵکو سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاوی گشتی تری لە پشتەوەیە.

گەڕان بەدوای گازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست ناکۆکیی دەخاتە نێوان تورکیا و میسر و یەکێتیی ئەورووپا



ئا: خالید گەردی

تورکیا رۆژی هەینی رابردوو رایگەیاند کەشتییەکانیان لە دەریای ناوەڕاستدا تا مانگی ئەیلوولی داهاتوو دەست بە پرۆسەیەکی گەڕان بەدوای دۆزینەوەو دەرهێنانی گازی سروشتی دەکەن ، لە هەمان کاتیشدا کۆماری دووڕگەی قوبرس کە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپایە لە کەنارەکانی دەریاکە دەستی بە پرۆسەیەکی گەڕان و هەڵکەندن و گەشەپێدانی گێڵگە گازە سروشتییەکانی کردووە، لەو پێناوەشدا بۆندی لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت و گازی وەک (ئینی ئیتالی و توتالی فەرەنسی و ئیکسۆن موبیلی ئەمریکی) کردووە، راپۆرتە هەواڵەکانی دەڵێن راگەیاندنەکانی ئەم وڵاتە باڵۆیان کردەوە، پرۆسەی گەڕانی کەشتییەکانی تورکیا ناوچە ئابووریەکانی سەر بە کۆمارەکەیانی بەزاندووە.

هەر یەک لە وڵاتی میسرو یەکێتیی وڵاتانی ئەورووپا نیگەرانی خۆیان لەبەرامبەر پرۆسە گەڕانەکەی تورکیا بەدوای گازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست، بە حکومەتی تورکیا راگەیاند، وەزارەتی دەرەوەی میسر هۆشداری بە تورکیا داوە گوتوویەتی هەر هەنگاوێکی تاکلایەنەو بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەخت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری بەسەر ئاسایش و سەقامگیری تەواوی ناوچەکەوە دەبێت، جەختی کردۆتەوە پێویستە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بن.

کێشەکە لە چی دایە؟ میسرو یەکێتی ئەورووپا بۆ نیگەرانن!

فیدیریکا موگرینی وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپاش لە لێدوانێکیدا نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەڕان بەدوای نەوت و گازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست راگەیاند، ئەنجوومەنی یەکێتییەکەش بەتوندی سەرکۆنەی پرۆسەکەی تورکیای لەدەریای ناوەڕاست کرد بە پرۆسەیەکی نایاسایی ناوبرد.

لەبەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لێدوانەکانی موگرینی رەتکردەوەو رایگەیاند پرۆسەکەی وڵاتەکەی پشت بە مافە رەواکان دەبەستێت، حکومەتی قوبرسیشی بەوە تاوانبار کرد، مافی تورکە قوبرسییەکانی پشتگوێ خستووە کە بەخاوەن و هاوبەشی سامانە سروشتییەکانی دورگەکەی ناوبردن، گوتیشی پرۆسەکەی پەرەپێدانی دەوڵەتی قوبرس دەبێتە هۆکاری بێ بەش بوونی قوبرسە تورکەکان لە سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکانی دەوروبەری دوورگەکە.

کێشەکە لە چوارگۆشەی ژمارە (10) دەریای ناوەڕاست دایە، کە تورکیا بڕیاری داوە پرۆسەی گەڕان بەدوای گازی سروشتی لەو ناوچەیە دەست پێبکات چەند کەشتییەک لە نێوشیاندا کەشتی هەڵکەندنی بە ناوی (فاتح) بۆ ئەو چوارگۆشەیە بنێرێت، کە لە ڕووی یاساییەوە سەر بە دەوڵەتی قوبرسە. بەڵام حکومەتی کۆماری قوبرس تەنیا دەسەلاتی بەسەر دوو لەسەر سێی دورگەکەوە هەیە، بەشەکەی تر لەژێر دەسەلاتی وڵاتی یونان و چەند وڵاتی تر لەسەر دروستکردنی کۆربەندی گازی رۆژهەڵات ڕێککەوتوون هەر یەک لە وڵاتی ئیسرائیل و ئیتالیا و ئەردەن و دەسەلاتداری فەلەستینیش چوونەتە نێو ڕێککەوتنەکە.

لەبارەی هۆکارەکانی تورکیا بۆ گەڕان بەدوای گازی سروشتی لەو ناوچەیە، جەمال تەها تویژەر لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی میسری بە (عربیە نت)ی ڕاگەیاندووە، زۆر هۆکار هەن، لەسەرووبانەوە تورکیا زۆر پەرۆشی دۆزینەوەی پێگەیەکە لە ناوچەکە هەتا ئەگەر بە بڕێکی کەمی نەوتیشەوە بێت، تا ببێتە جێگرەوەی میسر لە گواستنەوەی گاز بۆ وڵاتانی ئەورووبا. میسریش لەبەرامبەر هەوڵەکانی تورکیا بێ دەنگ نابێت، پەنا بۆ گرتنبەری ڕێوشوێنی یاسای نێودەوڵەتی دەبات کە پشت بە ڕێککەوتننامەی لوزان دەبەستێت، راستە تورکیا نەچووتە نێو ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان لە ساڵی 1982، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتێکە شوێنکەوتە جوگرافییەکەی لەسەر دەریا هەڵکەوتووە، حوکمەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکە بەسەر تورکیاش دەچەسپێت.

جگە لەمەش وڵاتانی ئەورووپا ، ڕەنگە ئەو وڵاتانەش کە خاوەن ئەوکۆمپانیا زەبەلاحانەن یونان بۆ گەشەپێدانی گێڵگەکانی گرێبەستی لەگەڵ کردوون، ڕێگا نادەن تورکیا زیان بە بەرژەوەندی وڵاتێکی ئەندام لە یەکێتییەکەیان بگەیەنێت.

سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەواڵ

مانشێت



سکای نیوز:
باڵیۆزخانەی ئەمەریکا هۆشداری توندی ئاراستەی خەڵکی وڵاتەکەی کرد و داوای لێ کردن ڕوو نەکەنە عیراق .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
بنیامین ناتانیاهۆ داوای کاتی زیاتری کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە لە ئیسرائیل .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە چەند هێرشێکی ئاسمانی فڕۆکەکانی سەر بە هێزی ئاسمانی ئەفغانستان لە ژمارەیەک ویلایەت، 24 چەکداری تالیبان کوژران .



سی ئێن ئێن:
ژمارەیەک خۆپیشاندەر هێرشیان کردە سەر بارەگای سەرۆکوەزیرانی ئەلبانیا و ئاگریان لە بەشێکی بارەگاکە بەردا .



دۆیچە ڤیلە:
ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا سەرجەم ڕەخنەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای سەبارەت بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن لە ئەستەنبوڵ ڕەت کردەوە .



ئەی ئێف پی:
لە نزیک کەناراوەکانی ئیمارات دوو کەشتی سعودی دووچاری کردەوەی تێکدەرانە بوونەوە .

ئەمساڵ سایلۆکان بە 3 پلە گەنم وەردەگرن



نرخی گەنمی رادەستکراوی سایلۆکان بۆ وەرزی چاندنی 2018 -2019 لەسەر سێ پلەی گەنم دەستنیشانکراوە، بۆ گەنمی پلە یەک 560 هەزار دینار و بۆ پلە دوو 480 هەزار دینار و بۆ پلە سێ 420 هەزار دینار داندراوە.

لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا وەزیری بازرگانی عێراقی فیدراڵ (محەمەد ئەلعانی) رایگەیاند کە بۆ ئەم ساڵ بە سێ پلە گەنم لە سایلۆکانی عێراق وەردەگیرێت ئەویش بەپێی ئەو ڕێزبەندییە 560 هەزار بۆ پلە یەک و 480 هەزار بۆ پلە دوو و 420 هەزار بۆ پلە سێ، لە هەمانکاتدا جەختی لەوە کردەوە کە شایستە دارایی‌یەکانی جوتیاران بە زووترین کات دەدرێتەوە و هەوڵ دەدرێت 72 کاتژمێری لەسەری ڕەت نەدات. لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەی وەزیری بازرگانی عێراق بڕی گەنمی ڕادەستکراوی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق خستە ڕوو تاکو بەرواری 5 مانگی ئایاری 2019 کە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە (195112) تەن گەنمی پلە یەک و (11033) تەن گەنمی پلە دوو و (293) تەن گەنمی پلە سێ بووە. (ئەلعانی) ئاماژەی بەوە کرد کە جوتیاران لە خەمۆڕیان پێش ڕادەستکردنی بەرهەمەکانیان بۆ سایلۆکان پێشوەختە سەردانی کارگەکانی خاوێنکردنەوەی گەنم دەکەن بۆ ئەوەی گەنمەکانیان خاوێن بێت و بە پێی ڕێنماییەکانی وەرگرتنەوە بێت و بە پلە یەک وەربگیرێتەوە. لەم ڕادەستکردنەدا پارێزگای (واست) لە پێشەنگی پارێزگاکانی دیکە هات بە ڕادەستکردنی 50هەزار تەن تاکو ئەو بەرواڕە.

شایانی ئاماژەیە دروێنەی گەنم لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا دەستی پێنەکردووە و ئەو پشکەی لە لایان وەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ هەرێم تەرخان کراوە دەگاتە 340 هەزار تەن کە ئەوەش لە 30% بەرهەمی جوتیاران تێپەڕنادات.



پاراستنی داری میۆ لە نەخۆشییەکانی کەڕوو



بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ و نارێکی پلەی گەرمی داری میۆ لەم ماوەیەدا توشی چەند نەخۆشیەکی کەڕوو دێت وەک نەخۆشی گەنینی خۆڵەمێشی و نەخۆشی دۆکە و نەخۆشی تەنۆکە سپی، بۆ ڕێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانەدا داوا لە خاوەن ڕەزەکان دەکەین پابەندی ئەم خاڵانە بن:

یەکەم: لابردنی گەڵاکانی ژێرەوەی دارەکە چونکە هەبوونی ئەو گەڵایانە هۆکارە بۆ توشبوون بەم نەخۆشیانە بەهۆی نزیکیان لە ڕووی زەویەوە.

دووەم: هەرگیز نابێت هیچ بەروبومێک لە ژێر داری میۆدا بچێنرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ لەدەوری دارەکان بەوەش ڕادەی تووشبوون زیاد دەکات.

چوارەم: وەستاندنی هەر پەینکردنێکی نایترۆجینی (بەبەکرهێنانی پەینی یۆریا) چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گەشەی کۆمەڵەی سەوز بەوەش ڕێژەی شێ زیاددەکات و ئەگەری تووشبوون هەڵدەکشێت.

پێنجەم: گرنگیدان بە پەینکردنی پۆتاسی چونکە توخمی پۆتاس کاردەکات بۆ بەهێزکردنی دیواری خانەکان بەوەش بەرهەڵستی چونە ژوورەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە کە کەڕووە بەرز دەکات بۆ دیواری خانەی ڕووەکەکە (گەڵا و گوڵ و بەر)، لەهەماکاتدا بەکارهێنانی پەینی پۆتاسیۆم دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەم و باش بوونی جۆرەکەی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە دەنکە ترێیەکەدا.

شەشەم: بڕینی لقە تووشبووەکان و کۆکردنەوەی گەڵا و لکی تووشبوو سووتاندنیان لە دەرەوەی ڕەزەکەدا.

حەوتەم: سووککردنی گەڵا و لقەکانی داری میۆ دەبێتە هۆی هەوا گۆڕکێی زیاتر و گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ هێشووە ترێیەکان ئەوەش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان.

هەشتەم: بەکارهێنانی ئەو کەڕوو کوژانەی کە پێشتر تاقی کراونەتەوە و تۆمار کراون بە پێی ڕێنمایی کەسانی پسپۆر لە بواری پاراستنی ڕووەک.

نۆیەم: هەندێکجار پێویست دەکات لە یەکجار زیاتر رشاندان بۆ باخەکەمان بکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشیانە.

دووەم: هەرگیز نابێت هیچ بەروبومێک لە ژێر داری میۆدا بچێنرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ لەدەوری دارەکان بەوەش ڕادەی تووشبوون زیاد دەکات.

چوارەم: وەستاندنی هەر پەینکردنێکی نایترۆجینی (بەبەکرهێنانی پەینی یۆریا) چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گەشەی کۆمەڵەی سەوز بەوەش ڕێژەی شێ زیاددەکات و ئەگەری تووشبوون هەڵدەکشێت.

پێنجەم: گرنگیدان بە پەینکردنی پۆتاسی چونکە توخمی پۆتاس کاردەکات بۆ بەهێزکردنی دیواری خانەکان بەوەش بەرهەڵستی چونە ژوورەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە کە کەڕووە بەرز دەکات بۆ دیواری خانەی ڕووەکەکە (گەڵا و گوڵ و بەر)، لەهەماکاتدا بەکارهێنانی پەینی پۆتاسیۆم دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەم و باش بوونی جۆرەکەی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە دەنکە ترێیەکەدا.

شەشەم: بڕینی لقە تووشبووەکان و کۆکردنەوەی گەڵا و لکی تووشبوو سووتاندنیان لە دەرەوەی ڕەزەکەدا.

حەوتەم: سووککردنی گەڵا و لقەکانی داری میۆ دەبێتە هۆی هەوا گۆڕکێی زیاتر و گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ هێشووە ترێیەکان ئەوەش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان.

هەشتەم: بەکارهێنانی ئەو کەڕوو کوژانەی کە پێشتر تاقی کراونەتەوە و تۆمار کراون بە پێی ڕێنمایی کەسانی پسپۆر لە بواری پاراستنی ڕووەک.

نۆیەم: هەندێکجار پێویست دەکات لە یەکجار زیاتر رشاندان بۆ باخەکەمان بکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشیانە.

هاوسەنگی خۆراک لە مانگی ڕەمەزاندا لە نەخۆشی دەتپارێزێت

پابەندبوون بە خواردنی خۆراکێکی هاوسەنگ لە مانگی ڕەمەزاندا بەرگری جەستە دژی ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشییەکان بەهێزتر دەکات، لە هەمانکاتدا جەستە دەپارێزێت لە هەندێک کێشەی تەندروستیی، بە تایبەتی لەگەڵ پەیڕەوکردنی هەندێک خەسڵەتی هەڵەی نان خواردن لە لایەن هەندێک بەڕێزووبووان وەک زێدەڕۆیی لە نانخواردن و جەختکردنەوە لەسەر هەندێک جۆرە خۆراک کە بڕێکی زۆریان کالۆریان تێدایە و دەوڵەمەندن بە ڕۆنی تێر، بەوەش بەڕێزووبووەکە سەرجەم سوودە تەندروستییەکانی لەدەستدەدات کە کاریگەری لەسەر سەرجەم بەشەکان جەستە دەبێت، لە کاتێکدا کە پێویستە بەڕێزووبووان چالاکی ئەندامەکانی جەستە نوێبکاتەوە و خاوێنی دەکاتەوە لە پاشماوە کەڵەکە بووەکان و ئاستی ڕۆنیش لە خۆیدا کەمدەکاتەوە کە ئەوە هەمووی دەبێتە هۆی هێزبوونی دەرونی و هەست بە ئارامیکردن و توانای دەروون و ڕۆحی بەرزدەکاتەوە هاوسەنگییەکی فسیۆلۆجی تەواو دەبەخشێت.

بۆ هاتنە دی باشترین ئەنجامی تەندروستی پێویستە ئەو خاڵانە پیادە بکرێت:

یەکەم: تاکو ڕادەی تێربوون خۆراک مەخۆ لە هەردوو ژەمی بەربانگ و پارشێواندا بۆ ئەوەی هەست بە هەناسە بڕینی نەکەی و هەندێک شوێن جێ بمینێت بۆ خواردنی ژەمی سووک لە نێوان ئەو دوو ژەمەدا.

دووەم: دواخستنی ژەمی پارشێو چونکە ئەوە هەستکردن بە تێنوێتی و برسێتی کەم دەکاتەوە، کەسی بەڕێزووبوو ئەرکەکانی ڕۆژانەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام دەدات.

سێیەم: زۆر خواردنەوەی شلەمەنیەکان قەدەبووی وشکی دەکات کە بەهۆی ماندووبوون ڕوودەدات لە هەمانکاتدا کێشەی قەبزی کەمدەکاتەوە بە مەرجێک شلەمەنییەکان شەکری تێدا نەبێت کە لە ڕۆژی دوایدا تینوێتیمان زیاد بکات.

چوارەم: خواردنی ڕێژەیەکی زیاد لە سەوزە و میوە کە ڕێژەیەکی بەرزتریان لە ئاو و خوێ و ڤیتامینەکان تێدایە.

پێنجەم: دوورکەوتنە لە بەکارهێنانی خوێ لە هەردوو ژەمدا بە هەمان شێوە پێویستە تورشی سوێر و بەهارات کەم بکرێتەوە چونکە جگە لە زیانە تەندروستییەکانیان هەستکردن بە تینوێتی زیاد دەکات.

شەشەم: لەبەرچاوگرتنی کەمکردنەوەی خۆراکە چەورەکان بەهۆی بەرزی بڕی وزە و کالۆری تێیاندا.

حەوتەم: کۆنترۆڵ کردنی ئەو شیرنەمەنیەی کە دەخرێت لە ڕووی ئەو وزەیەی کە دەیبەخشێت باشتر وایە لە شوێن پارچە کونافەیەک قاپێک زەڵاتە یان دوو دانە خورما بخورێت.

هەشتەم: دوورکەوتنە لە خواردنەوە گازییەکان و شەربەتە ناسروشتییەکان لەگەڵ هەردوو ژەمی بەربانگ و پارشێودا چونکە توانای هەرسکردن کەمدەکاتەوە و گەدە پڕ دەکات، سەرەڕای کەمی بەهای خۆراکی و کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرزبوونەوەی کێش.

نۆیەم: پێویستە دوای ژەمی بەربانگ بە کاتژمێرێک هەندێک جوڵە ئەنجام بدرێت ئەوەش کرداری هەرسکردن ئاسان دەکات و ڕێگا بە کەڵکە بوونی مادەی زیانبەخشەکان لە جەستەدا نادات.





سوودەکانی گەڵای زەیتوون

یەکەم: دەرمانێکی بەسوودە بۆ نەخۆشیی هەستەوەری ئینجا هەستەوەریی لوت یان چاو یان گوێ بێت لە ڕێگای هەڵمژینی دووکەڵی سووتاندنی گەڵاکە یان هەڵمژینی هەڵمی گەڵای کوڵاو لەناو ئاودا.

دووەم: بەسوودە بۆ نەخۆشیەکانی ڕەبوو، لەهەمانکاتدا ڕۆژانە خواردنەوەی ئاوی کوڵاوی گەڵاکە دەبێتە هۆی لەناوبردنی نەخۆشی شێرپەنجە.

سێیەم: گەڵای زەیتوون ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ ڕاگرتنی کەوتنی قژو بەهێزکردنی.

چوارەم: پاڵەپەستۆی خوێن هاوسەنگدەکات و کاریگەریی لەسەر کۆئەندامی دەمار هەیە.

پێنجەم: تارادەیەکی زۆر هاوکارە بۆ دابەزاندنی ئاستی شەکرە لە خوێندا.

شەشەم: گورچیلە خاوێن دەکاتەوە و کێش دادەبەزێنێت وبۆ ئەوانەی کە دووچاری قەڵەوی هاتوون.

حەوتەم: جەستە بەهێز دەکات بۆنی ناخۆشی گوێ و لوت ناهێڵێت و ڕیخۆڵەکانیش خاوێندەکاتەوە.

هەشتەم: ددان لە داخوران دەپارێزێت و دەکرێ وەک سیواک بەکاربهێنرێت.



باشترین جۆری گۆشتی سوور بۆ خواردن لە ڕەمەزاندا

شارەزایانی بواری خۆراک هۆشداری دەدەن سەبارەت بە زێدەڕۆیی خواردنی گۆشتی سوور لە مانگی ڕەمەزاندا و دەڵێن پێویستە بە بڕێکی سنووردار و بە گوێرەی پێویستی جەستە بخورێت ، ئاماژەش بەوە دەکەن کە گۆشتی سوور هەریەک لە فۆسفۆر و ئاسن و پرۆتین و پۆتاس و ڕۆنی تێری تێدایە.

لە ڕووی تەندروستییەوە گۆشتی گوێرەکە (گۆشتی گۆلک) باشترین جۆری گۆشتی سوورە و کەمترین چەوری تێدایە و بە ماوەیەکی کورت هەرس دەبێت، بەڵام گۆشتی بەرخ بە چەورترین جۆری گۆشت دادەندرێت چونکە ڕێژەیەکی بەرزی ڕۆن و چەوری تێری تێدایە، گۆشتی حوشتریش بەوە بەناوبانگە کە ڕیشاڵی زبری تێدایە و ماسولکەکانی تێکەڵ بە چەوری نین، ئامۆژگاری خواردنی بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە مەبەستیانە کێشیان دابەزێنن و مەبەستیانە ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێنیان دابەزێت بە هۆی هەبوونی ترشی (لینۆلیک) تێیدا. تۆێژینەوە خۆراکییەکان دەیسەلمێنن هەبوونی ترشیی چەوری نا تیژ لە گۆشتی حوشتر ئەگەری توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەمتر دەکاتەوە.

شارەزایانی بواری خۆراک ئامۆژگاری یەک جار یان دوو جار خواردنی گۆشتی سوور لە هەفتەیەکدا دەکەن. کەسی پێگەیشتووش بۆی هەیە بڕی 100 گرام گۆشتی سوور لە ڕۆژێکدا بخوات (واتا دوو لەتی بچووک)، لە هەمانکاتدا خواردنی گۆشتی سوور بۆ مندااڵی تەمەن کەمتر لە یەک ساڵ شیاوە بە مەرجێک گۆشتی گۆلک بێت چونکە هەرسکردنی ئاسانە و ڕۆنی تێری تێدا نییە، بەڵام بە شێوەیەکی کەم بێت بۆ ڕاهاتنی گەدەی منداڵ لەسەر خواردنی گۆشتی سوور. منداڵ لە تەمەنی سەرووی ساڵێک تاکو دوو ساڵ بۆی هەیە 25 گرام گۆشتی سوور بخوات لە ڕۆژێکدا بۆ یەک جار و لە تەمەنی 3 تاکو 5ساڵ بۆی هەیە بڕی 50 گرام بۆ یەک جار لە ڕۆژێکدا بخوات.

کوڵاندنی گۆشت باشترین شێوەی ئامادەکردنییەتی، بەڵام سووركردنەوەی گۆشت لە ناو ڕۆندا زۆر ترسناکە هۆکارە بۆ توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و فشاری خوێن و کۆلیسترۆڵی زیانبەخش و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و دەبێتە هۆی جەڵتە و شێرپەنجە، لە هەمانکاتدا برژاندنی گۆشت لەسەر خەڵووز یان بەکارهێنانی شیشی ئاسنی ژەنگاوی و بەکتریای زیانبەخش هۆکارە بۆ ڕوودانی کارلێک لەگەڵ گۆشتەکە و توشبوون بە ژەهراویبوونی خۆراکی. پێویستە لە یەکجار زیاتر لە هەفتەیەکدا گۆشتی سوورکراوە لەسەر خەڵووز نەخورێت باشترە لە مانگێکدا تەنها یەک جار بخورێت.

کچە شەترەنجزان و راهێنەری رووسی بۆ خەبات:

لۆکینا ئەلیکساندرا: زۆر حەزدەکەم ئەو شارەزاییەی لە شەترەنج بەدەستم هێناوە بیگوازمەوە بۆ منداڵان



دیمانە: هاوار مورتکەیی

لۆکینا ئەلیکساندرا ئەلیکساندرۆڤا کچە شەترەنجزان و راهێنەری رووسی یەکێکە لەو یاریزانانەی کە چەند جارێک لە ئاستی تەمەنی خۆی توانیویەتی ببیتە پاڵەوانی رووسیا، بەتایبەتیش ئەوکاتەی تەمەنی نەگەیشتبووە 10 ساڵان، هەروەها لە پاڵەوانێتی بلیتزی رووسی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لۆکینا لە 4ی حوزەیرانی ساڵی 1996 لە شاری ئۆریخۆڤا ژ زویفۆ ی رووسی لەدایک بووە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەری ئافرەتانی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، لاپەڕەی وەرزشی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە، کە تیایدا باس لە ژیانی وەرزشی و دەسکەوت و خەونەکانی دەکات.

شەترەنج لەنێو وەرزشەکانی تر

لۆکینا Lukina Alexandra Alex-androvna کە مامۆستای فیزیا و بیرکارییە لەسەرەتادا گوتی: ئەوکاتەی گچکە بووم چەند وەرزشێکم دەکرد لەوانە جیمناستیک و مەڵەوانی و سەما و وەرزش، بەڵام دەبوا وەرزشێک هەڵبژێرم و لەسەری بەردەوام بم، لەنێو هەموو ئەو وەرزشانە شەترەنج سەرنجی بۆڵای خۆم راکێشا، چونکە کاتێک دەیانبردمە پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج، دەمبینی کەشێکی هێمن و رکابەرییەکی جوان لە ئارادابوو، هەتا ئەوانەی یاریشیان دەدۆڕاند نیازیان نەبوو وازی لێبهێنن و بەپێچەوانەوە زیاتر سەرنجیان دەچووە سەر یارییەکە، ئیتر لەوکاتەوە رۆژ دوای رۆژ شەترەنج لام خۆشەویستر دەبوو.

دووەمی پاڵەوانی رووسیا

دواتر لۆکینای رووسی گوتی: خانەوادەکەمان هەموویان یاری شەترەنج دەکەن، بەڵام تەنها دوو ئەندامی خێزانەکەمان پیشەگەرین، ئەوانیش من و برایەکەم، کە ئەو برایەم یەکەمین راهێنەرب من بوو، لە ساڵی 2000 دەستم بە یاری شەترەنج کرد، ئەوکات تەمەنم تەنها 4 ساڵ بوو، یەکەمین بەشداری فەرمیشم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی رووسیا بوو بۆ ئافرەتانی خوار 8 ساڵان لە ساڵی 2003، لە پاڵەوانێتی بلیتزی ئافرەتان پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، هەروەها لە پاڵەوانێتی رووسیا Blitz-sprint کە بۆ کچان لە ساڵی 2011 بەڕێوەچوو توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە پاڵەوانێتی بلیتزی رووسی ساڵی 2012 بۆ کچانی خوار تەمەن 16 ساڵ پلەی دووەم بەدەستهێنا، لە ساڵی 2015 توانیم نازناوی ماستەری ئافرەتان بەدەست بهێنم، بەگشتی لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئافرەتاندا پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە، دەتوانم بڵێم هێشتا خەونەکەم نەهاتۆتەدی لەبەر ئەوەی بەراستی نازانم خەونم چییە، ئامانجی گەورەم هەیە، هەشیانە ئەو ئامانجانە بچوکن، بەڵام هەموو رۆژێک لەیەکێک لەئامانجەکانم نزیک دەبمەوە.

شەترەنج یارمەتی زۆری داوم

لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج گرنگیی ئەو یارییە، لۆکینا ئەلیکساندرا گوتی: شەترەنج بەلای منەوە مانای زۆر دەگەیەنێت لە ژیان، ئەو وەرزشە یارمەتیدەرم بووە لە پێشخستن و گوزارش کردن لەخۆم، دەرفەتی گەشتی بۆ وڵاتان زۆر بۆ ڕەخساندووم، بە کەسایەتییە گرنگەکانی ناساندووم، ئاشنای کردووم بە کلتور و ژیانی گەلان، هەموو ئەمانە بەهۆی شەترەنجەوە بووە، بۆیە شەترەنج لای من تەنها ئارەزوویەک نەبووە، بەڵکو ئەوە کارمە و بەشێکی گەورەی ژیانمە، چونکە



من جیا لەوەی حەزەکەم یاری شەترەنج بکەم، لەهەمان کاتیش زۆر حەزەکەم ئەو شارەزاییەی لەو وەرزشە بەدەستم هێناوە دەمەوێ بیگوازمەوە بۆ منداڵان، یارمەتیان بدەم تا بیریان پێش بکەوێت، حەزیان بچێتە سەر ئەو یارییە، من پێم وایە لەهەمووان زیاتر منداڵان پێویستیان بە یاری شەترەنج هەیە، ئێستا یانەیەکی شەترەنجی تایبەت فێرکردنی منداڵانم هەیە، لەو یانەیە وانەی شەترەنج فێری منداڵان دەکەم، ئەو منداڵانەی لە ئاستێکدان کە بەشداری پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج دەکەن، ژمارەیەک لەو منداڵانەی فێری شەترەنجم کردوون، لە ناوچەی مۆسکۆ ئەنجام حەڵاتیان بەدەستهێناوە، یەک لە قووتابییەکانم ساڵی 2017بەشداری پاڵەوانێتی بلیتزی جیهانی کرد و توانی پلەی دوانزەهەمە بەدەست بهێنێت.

یانەیەکی تایبەت بەشەترەنجم هەیە بۆ فێرکردنی منداڵان

گواردیۆلا رابەرایەتی مان سیتی کرد بۆ نازناوی ئینگلیزی



یانەی مانچستەر سیتی توانی بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەکتری ببێتە پاڵەوانی خولی نایابی ئینگلیزی، دوای ئەوەی بەئەنجامی 4-1گۆڵ لەیانەی برایتۆنی بردەوە، بەدەستهێنانی ئەم نازناوەش دوای بەپێشەنگ مانەوەی بە 98خاڵ و بەجیاوازی یەک خاڵ لەپێش لیڤەرپوول هات دوای ئەوەی ریدز لەوڵاوە 0-2گۆڵ لە یانەی ولڤەر هامپتۆنی بردەوە. مان سیتی لە قۆناغی دووەمی ئەو خولەدا لە کۆی 19یاری توانی 18یارییان بباتەوە، کە لەهەموو یانەگەروەکانی بردەوە و تەنها لەبەرامبەر نیوکاسل دا کەوت.

سەڵاح و مانێ و ئۆباميانگ بوونە گۆڵکاری پریمەرلیگ

یاریزانان محەمەد سەڵاح و سادیۆ مانێ، هێرشبەرانی لیڤەرپوول و، پیێر ئیمریک ئۆباميانگ، هێرشبەری ئارسینال، بوونە گۆڵکاری خولی نایابی ئینگلتەرا، بۆ وەرزی 2018-2019. ئەو سێ یاریزانە ئەفریقییە، هەریەکەو 22گۆڵیان تۆمارکرد، بەمەش خەڵاتی لاپێچینی زێڕی گۆڵکەری پریمەرلیگیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. سەڵاح و مانێ، لەسەر یاریگەی ئەنفیڵد خەڵاتەکەیان وەرگرت، کە جەماوەری لیڤەرپوول ئاهەنگیان گێڕا، هەرچەندە لەدوای گەڕی خولەکە نازناوەکەیان لەدەستدا و، مانچستەر ستی بووە پاڵەوانی ئەم وەرزە. کەچی ئۆباميانگ، لەسەر یاریگەی تیرف موس، خەڵاتەکەی وەرگرت، دوای ئەوەی ئارسینال بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە بێرنلی بردەوە. پێش دوا گەڕی خولەکە، سەلاح بە تۆمارکردنی 22گۆڵ لە پێشەنگی گۆڵکاراندا بوو، مانێ و ئۆباميانگیش، هەریەکەو 20گۆڵیان هەبوو. بەڵام هەر دووکیان لە گۆڵی ولڤەرهامبتۆن و بێرنلی، یەکەو دوو گۆڵیان تۆمارکرد، بەمەش ڕێژەی گۆڵەکانی هەر سێکیان بووە 22گۆڵ و بەیەکەوە بوونە گۆڵکاری پریمەرلیگ. شیاوی باسکردنە، یانەی مانچستەر ستی، بۆ وەرزی دووەم بەسەر یەکەوە بووە پاڵەوانی خولەکە، دوای رکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول، کە تاکو دوایین گەڕ بەردەوام بوو، لە کۆتاییداستی بە کۆکردنەوەی 98خاڵ بووە پاڵەوان و لیڤەرپوولیش، بە کۆکردنەوەی 97خاڵ، پلەی دووەمی پێبڕا.

ڕەمزی میرەکانی



هازارد چێلسی ئاگادار کردەوە

ئیدین هازاردی ئەستیرەی یانەی چێلسی لەبارەی داهاتووی لەم یانەیە کارگێڕی یانەکەی ئاگادار کردەوە، ئەو یاریزانە دووپاتی کردەوە کە بەر لە یاری کۆتایی یورۆلیگ کە لە 29ی ئەم مانگە ڕووبەرووی یانەی ئەرسنال دەبنەوە ، چارەنووسی ئاشکرا ناکات.

ڕاپۆرتەکان بەردەوام ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو یاریزانە تەمەن 28ساڵە یاریگای ستامفۆرد بریدج بەجێدەهێڵێت و ڕووەکاتە یاریگای سانتیاگۆ برنیابیۆ، هازارد بەڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند من بڕیاری خۆم داوە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دوابڕیار هەر لای خۆم بێت، دەستەی کارگێڕی یانەی چێلسیم ئاگادار کردۆتەوە کە تا دوای یاریبەکەمان بەرامبەر ئەرسنال هیچ بڕیارێک ڕانەگەیەنم، من پێشتر دەموبست بگەمە ڕێککەوتنێک، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، بۆیە ئێستا منیش وەک جەماوەر لەچاوەڕوانیدام.



دالۆزینی و ئینیتا دەرمانی وزەبەخشیان بەکارهێناوە



لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە دوو لەو وەرزشوانانەی لە ڕکابەرییەکانی ئۆلۆمپیادی لەندەنی 2012بەشداریان کردبوو، لەپشکنینی خواردنی ماددەی وزەبەخش دەرنەچوون و دەرکەوت کە ئەمانە هەردووکیان ئەو دەرمانەیان بەکارهێناوە.

میلین دالۆزینی یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی ئەرمینی لەکێشی 69کیلۆگرام و ئینیتا ڕادیڤیکای ڕاکەری لاتڤی دوای 7ساڵ لە چاودێری کردنیان لەبەکارهێنانی ماددەی وزەبەخش، ئینجا دەرکەوت کە ئەوانە ئەو دەرمانەیان بەکارهێناوە و چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ سڕکردنیان دووچاری سزایەکی زۆر ببنەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 14. Apr. 2019 No: (5749)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پەیوەند نەقشبەندی: زۆر حەزم بە شیعر و موزیک و گۆرانی و قسەی خۆشە



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی

مامۆستا پەیوەند سەفین نەقشبەندی مامۆستای پەیمانگای تەکنیکی هەولێر و سەرۆکی بەشی ئافرەتان و لەدایکبوون و سەرۆکی بەشی پەرستاری لە بەشی ئیتوارانە و لە ناو قوتابیاندا مامۆستایەکی خۆشەویست و قسەخۆشە، لەڕۆژی جیهانی پەرستاراندا سەردانی پەیمانگای پزیشکی هەولێرمان کرد و لەنزیکەوە (مامۆستا پەیوەند سەفین نەقشبەندی) مان بینی و چەند پرسیارێکمان لێکرد.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕۆژی جیهانی پەرستاران؟**

ڕۆژی جیهانی پەرستاران ڕۆژێکی پڕشنگدارە بۆ هەموو پەرستاران ،هیوادارم لەو ڕۆژەدا هیواو ئاواتی هەموو پەرستاران بێتە دی ئەوانەی کە دێنە ئەو پەیمانگایە چی دەخوێنن لە بواری پزیشکی و تەندروستی؟

ئەو کەسانەی کە دێنە ئەم پەیمانگایە پۆلی شەشەمی زانستییان تەواو کردووە یاخود ئەو قوتابیانەی کە ئامادەیی بەشی مامانیان تەواو کرد بێت لە خوێندنی ئێوارانیش لە بەشی پەرستاری ئەو قوتابیانە وەردەگیری و لە پەیمانگا قوتابیان زیاتر وانەی تەندروستی و پزیشکییە بە شێوەی پراکتیکی و تیۆری و سوودێکی زۆری بۆ قوتابیان هەیە و شارەزایی لە بواری تەندروستی وەردەگرن وانەکانی قوتابیان باسی خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان و وەرگرتنی چارەسەرو ماوەی خوێندن دوو ساڵەو قوتابیان خولی هاوینە بۆ مەشق و ڕاهێنان لە نەخۆشخانەکان ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی قوتابیان زیاتر شارەزایی لە بواری تەندروستێ وەربگرن.

*** ئایا لە پەیمانگا هۆڵی مەشق و ڕاهێنان هەیە؟**

بەڵێ هۆڵ هەیە بۆ وانەکان بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی تا قوتابیان زیاتر سوود لە وانەکان وەرگرن و وانەی تایبەتمان بۆ ئەوەێ قوتابیان سوود لە وانەی تەندروستێ وەرگرن جگە لەوەش تاقیگەیەکی پێشکەوتوومان هەیەو قوتابی زۆر سەرکەوتوومان هەیەو بە پلەی دە یەکەمەکان دەردەچن و بۆ قۆناغی کۆلیژی پزیشکی دەبڕن و دەبن بە پزیشک و هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵ زانکۆێ هەولێرێ پزیشکی هەیەو ساڵانە ژمارەیەک لە قوتابیانمان دەچن بۆ زانکۆێ هەولێری پزیشکی و خۆشم قوتابی ئەو زانکۆیەم و کۆلیژی پەرستاریم تەواو کردووەو بڕوانامەی ماستەر لە پەرستارێ ئافرەتان و لە دایکبوون و بەپێێ ئەو ئەزموونەی کە هەمە دەتوانم وانەکان بە شێوەیەکێ زانستێ بۆ قوتابیان شیبکەمەوە .

*** ئەوانەی کە دەردەچن دەتوانن لە نەخۆشخانەو ناوەندەکانی تەندروستی خزمەت بکەن؟**

بەڵێ دەتوانن لەبەرئەوەی قوتابیان لەپەیمانگا وانەێ چڕو پڕی تەندروستی و پزیشکی دەخوێنێت و خۆشی دەتوانێ زیاتر پەرە بەخۆی بدات تا زیاتر شارەزایێ لە بوارێ تەندروستی وەرگرێت و هەموو مامۆستایان وەکو یەک تیم کار بۆ فێرکردنێ قوتابیان دەکەین و قوتابیان ئێمەی مامۆستایانیان خۆشدەوێت و ئێمەی مامۆستایان و قوتابیان لەگەڵ یەکتر بە خۆشەویستی کار بۆ پێشکەوتنی بواری تەندروستی دەکەین.

*** مامۆستا پەیوەند سەردانی چەند وڵاتی کردووە،جگە لەبوارەکەی خۆت ئارەزووی چی دەکەیت؟**

سەردانی چەندین وڵاتم کردووەو زۆر شت فێربووم لە هەمووی گرنگتر فێربوونی زمانە ئینجا جوانی سروشت و خوێندنەوەی شیعر و مۆزیکە وگۆرانیە و خواردنی یاپراغ و خواردنە خۆشەکان و زۆر حەز دەکەم قوتابیەکانم زیرەک بن و گرنگێ بە وانەکانی خۆیان بدەن لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو مامۆستا پەیوەند نەقشبەندی لە ناو مامۆستایانی کۆلیژ بە جوانترین مامۆستای گەنج هەژمار دەکرێت و کەسێکی قسەخۆش و هەستناسکەو لە ناو قوتابیاندا زۆر خۆشەویستە.

کورتە فلیمی(چزاندن) هاتە بەرهەم



خەبات سەربەست برزۆ

کورتە فلیمی (چزاندن) لە بیرۆکەی سەلاح بەشار و سیناریۆ وسەرپەرشتیاری دەرهێنەری بەناوبانگ ئەیاد جەبارە و لەدەرهێنانی لەیلا مەجیدی .فلیمەکە باس لە پیاوێک دەکات خاوەن شوێنکاری دروستکردنی (بوکەڵە)یە ،ئەو پیاوە کێشەیەکی هەیە لە گەڵ بوکەڵە میێنەکاندا و ، هەموو ڕۆژێ لە بووکەڵە نێرەکەیان لێ جیادەکاتەوە و دواتر کە دێتەوە دەیبنێ گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان . چیرۆکەکە ناوەڕۆکی ئەوەیە کە بوکەڵە نێرەکە لە پاش دەرچوونی خاوەن شوێنکارەکە هەڵدەستێت بە یارمەتیدانی بوکەڵە میێنەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، وەکو نیشانەیەک بۆ بەردەوامی ژیان لە نێوان ژن و پیاودا و وێڕای بوونی هەندێ حاڵەتی لەرێلادەر لە کۆمەڵگادا....هتد . فلیمەکە 4خولەکە بەرهەمی کۆمپانیای(ویپنک)ە و وێنەگرتنی ئەحمەد عەبدولکەریم و ڕووناکی ئارام جاف ونواندن خچر سەلامە .لەیلا مەجیدی ئەکتەری بەناوبانگی شانۆ وسینەمایە ئەمە یەکەم کاریەتی وەکو دەرهێنانی فیلم. دەرهێنەر ئەیاد جەبار بەڕێوبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (ویپنک)وتی لەئێستاوە دەستمانکرد بە ناردنی فیلمەکە بۆ فیستیڤاڵە جیهانییەکان و ئومێد دەکەین (چزاندن) خەڵاتی باش بەدەست بهێنێ.

پارشێو چی بخۆین؟



ئا: وریشە عومەر

پزیشکانی هەناوێ دەڵێن: ئەگەرخوانی پارشێو لە خواردنی قورس پێکهاتبوو ئەوا بەهۆی ئەوەی شەو خێرایی هەرسکردن کەم دەبێتەوە دووچاری مەترسی گۆڕینی بۆ چەوری و زیادبوونی کێش دەبێتەوە. لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە دەبێت بۆ پارشێو هەڵسن. دەتوانرێت لەپارشێواندا نانێکی بەیانی سووک کە پێکهاتبێت لە شیر، ماست، پەنیر، هێلکە و نان بخورێت، یان ناشتایەک بکرێت کە پێکهاتبێت لە شۆربا ، ئەو خواردنانەی بەڕۆژنی زیەتوون دروست دەکرێن، لەگەڵ ماست یان زەڵاتە. بەڵام بەهەموو شێوەیەک دەبێت خۆت بەدوور بگرێ لە خواردنی زۆر چەور، سوێر و خواردنی قورس.

هەولێر.. گرووپێکی موزیک بێ هەستکردن بەماندووبوون دڵی خەڵک خۆش دەکەن



سەید فەخرەدین: ئارامی وئاسایشی هەرێمی کوردستان جێی سەرنجی هەموو جیهان وناوچەکەیە ،بەتایبەت ئاسایشی پایتەختی کوردستان، بۆیە شەوانی ڕەمەزان هەتا بەردەبەیان هاوڵاتیان لەبازاڕو شەقامەکان دەمێننەوە ،بەمەستی دڵخۆش کردنی هاوڵاتیان پشویەکی دەروونی ، گرووپێکی موزیک بەماندووبوونی خۆیان دڵی هاوڵاتیان خۆش دەکەن و کەشوهەوایەکی هونەریان بۆ دروست دەکەن و لەجەنجاڵی و ماندوبون دوریان دەخەنەوە. سەرپەرشتیاری گرووپ بەخەباتی گوت: ئامانجمان خۆشی و دڵخۆشی هاوڵاتیان زیاتر بکەین و خەڵکی ماندووبونیان بڕوێتەوە.

بەتەمەنترین کەسی ڕووسیا لە تەمەنی 123 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد



ئاژانسی هەوالی TASSی ڕووسی ڕایگەیاندووە کە ئاپاز عەلییەف کە لە کۆماری ئینگۆشێتیا دەژیا و ماوەیەک بوو لە نەخۆشخانەیەکی ناوچەکە لە کۆمادا بووە، لە تەمەنی 123ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.عەلییەف لە ژیانیدا نەوەی نەوەکانی بینیوە و وەک بەتەمەنترین هاوووڵاتی ڕووسی لە تۆمارەکاندا ناوی هاتبوو.لە هەوالەکەدا هاتووە کە پێشتر سەرۆکی کۆماری ئینگۆشێتیا یونس بەگ ئیفکورۆڤ ویستوویەتی بەمەبەستی پەسەند کردنی لە ئاستی ڕووسیادا، داواکاری بەتەمەنترین هاوولاتی کۆمارەکەی، ئاپاز عەلییەف کە لەدایکبووی 1ی ئاداری 1896ە، وەک بەتەمەنترین هاووڵاتی ئەو وڵاتە ناوی تۆمار بکات.

(واری کتێب) ڕاگەیەندرا

خەبات:

بە ئامانجی تووندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی خامەبەدەستان و شەیدایانی مەعریفە لە سایەی شکۆمەندیی کتێبدا ، پڕۆژەی چاپکردنی کتێب و داهێنانەکانیان (بە تایبەتی بەرهەمە ئەدەبییەکان) جگە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و زانستی مرۆیی لەلایەن خۆیەخشان ئەم پڕۆژەیە کەبڕیتیبوون لە بەڕێزان: ئازا حەسیب قەرەداخی، نیازی حەمە عەزیز ، حەمە ئەحمەد جاف ، حەسەن ئەحمەد مستەفا ، ، شێخ جەمال محەمەد ئەمین، حەمید قەڵادزەیی، ڕزگار شێخ عەلی ، خاتوو بەهرە حەمە ڕەش ، مەحمود باوزی ،یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی لە کاتژمێر(٤)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٩ی ئایاری ٢٠١٩ لە بارەگای لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد ، دەستپێکردو گرووپی (واری کتێب) یان، بۆ چاپکردنی کتێب، بە تێکڕای دەنگ دامەزراند،بۆ خەرجی چاپکردنی کتێب (لە هەموو بوارەکان) پشت دەبەستڕێ بەو بڕە پارەیەی بە شێوەی کۆمەک و هاوکاری مانگانە کە لەلایەن ئەندامانی واری کتێبەوە دەبەخشرێت و بڕەکەشی لە ١٠هەزار دینار کەمتر نەبێ و دەتوانرێ زیاتریش بدرێت ، لە بەرامبەردا پسوولە (وصل) وەردەگیرێ ،هەروەها ئەو کتێبانەی (وار) چاپیان دەکات، لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزاوە (لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی کوالێتی بەرزی زانستییانە) هەڵدەسەنگێندرێن و دواتر چاپەدەکرێن،هەوڵدەدرێ مانگانە یان بەدوومانگ، جارێک کتێبێک چاپ بکرێ و ئەرک و ماندووبوونی کتێبێش نەکەوێتە سەر نووسەری کتێب ، حەمە ئەحمەد جاف ڕاگەیاندنی دەستەی ڕاوێژکاری واری کتێب بەخەباتێ گوت: ئامانج لە دروستبوونی ئەو گرووپە ، چاپکردنی کتێبە بۆ نووسەروقەڵەم بەدەستانی بەهەڵێست و کەمدەرامەت لەسەر گیرفانی خۆیان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، کاری هەرەوەزی و پشتبەخۆبەستن و متمانە بەخۆبوونە .

